# توندوتیژی زارەکی و ڕق دەربڕین پەیوەست بە ململانێی سیاسی؛ کۆمێنتەکانی تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوک بە نمونە

**ڕێباز جەلال مەحمود [1]، موراد حەکیم محەمەد [2]**

[1,2] بەشی کۆمەڵناسی، فەکەڵتیی ئاداب، زانکۆی سۆران، هەرێمی کوردستان، عێراق

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات بەدواداچوون بۆ نموونەکانی توندوتیژی زارەکی و ڕقدەربڕین بکات لە پلاتفۆرمەکانی میدیای کۆمەڵایەتی پەیوەست بە چوارچێوەی ململانێ سیاسییەکان لە هەرێمی کوردستان. ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە تێگەیشتنە لە بەکارهێنان و بڵاوبونەوەی ئەو زمانە دوژمنکارانەیەی کە لە نێو بەکارهێنەرانی میدیای کۆمەڵایەتیدا هەیە بە تایبەت لە فەیسبووک پەیوەست بە پرسە سیاسییەکان. لەم توێژینەوەیەدا ڕێبازی ئاوێتە بەکارهاتووە بەجۆرێک کە ڕێبازی نێتنۆگرافیا و شیکردنەوەی ناوەڕۆک تێکەڵکێش کراون. بە گشتی پێنج پۆستی تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک وەک نموونە وەرگیراون کە ١٠٠ کۆمێنت بە شێوەیەکی هەرەمەکی لە هەر پۆستێک وەرگیراون لە ڕێگەی بەکارهێنانی ماڵپەری Expert comments. گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە بەشدارە لە تێگەیشتن لە بەکارهێنان و بڵاوبونەوە و کاریگەریەکانی زمانی توندوتیژ و ڕق ئامێز کە لەلایەن بەکارهێنەرانی تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووکەوە پەیوەندیدار بە گوتاری سیاسی بەکاردەهێنرێن. بە شیکارکردنی ٥٠٠ کۆمێنتی وەرگیراو وەک نموونە دەرکەوتووە کە ڕێژەیەکی زۆر لە زمانی توندوتیژ و ڕقاوی بەکارهاتووە لەوانە هەڕەشە، سووکایەتیکردن، ناوزڕاندن و دەربڕینی ڕق و کینەی سیاسی. ئەنجامەکان ئەوە دەردەخەن کە زۆر جار ئەم دەربڕینانە ڕەنگدانەوەی دابەش بوون و ناکۆکی قووڵی سیاسی نێو لایەنگرانی پارتە سیاسییەکانە، کە زۆرجار هەوڵی لەمرۆڤداماڵینی کەسایەتییە سیاسیەکان دەدەن و چەواشەکاری کۆمەڵایەتییان لە بەرامبەردا بەکاردەهێنن. لە کۆمێنتەکاندا دەرکەوتووە کە نەک تەنها ناوەڕۆک و تاکەکانی پەیوەست بە پۆستەکان ڕەتدەکرێنەوە، بەڵکو زمانی توندوتیژ و ڕقئامێز و جیاکاری بەکاردەهێنرێت بەمەش مەترسیەکی ڕاستەقینە لەسەر یەکێتی و یەکگرتووی کۆمەڵایەتی و سیاسی دروست دەبێت. بەپێی ئەو چوارچێوە تیۆرییانەی کە لەم توێژینەوەیەدا بەکارهێنراون، ئەم جۆرە نووسین و دەربڕینە هەڕەشە ئامێزانە دەکرێ ببن بە هاندەر بۆ توندوتیژی جەستەیی، لەناوبردن و تەنانەت تیرۆرکردنی کەسانی بەئامانجگیراو یاخود ئەندامانی پارتی سیاسی لە هەرێمی کوردستان.

**وشە سەرەکییەکان:** تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، فەیسبوک، توندوتیژی زارەکی، ڕق دەربڕین، ململانێی سیاسی.

## پێشەکی

بە گشتی لە زۆرباردا ململانێی پارتە سیاسیەکان لە نێو کۆمەڵگەدا هۆکارە بۆ زیاد بوونی جەمسەرگیری و دابەشبوونی زیاتری تاکەکان بەسەر لایەن و جەمسەری جیاجیای دژبەیەک، لە ئێستادا بەهۆی بەرجەستەکردنی ئەم ململانێیە لە نێو پلاتفۆرمەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، دەکرێ لێکتێگەیشتن و هاوسۆزی نێوان پارتە سیاسیەکان کەمتر ببێتەوە، جیاوازییەکانیان زۆرتر ببن بەجۆرێک دەکرێ لە زۆربادا دۆخی ململانێی نێو تۆرە کۆمەڵایەتییەکان دیالۆگ و لێکتێگەیشتنی بونیادنەر لەبارببات، یەکێک لەو تێبینیانەی لەبارەی تۆرە کۆمەڵایەتییەکانەوە کراوە، ئەوەیە کە دەکرێ تۆرە کۆمەڵایەتییەکان ببنە زەمینەیەکی لەبار بۆ بڵاوکردنەوەی زانیاری هەڵە و ناڕاست لە کاتی بوونی ململانێ سیاسییەکان، لەم دۆخەشدا لایەنە سیاسییەکان و لایەنگرانیان دەتوانن بە ئاسانی دەستکاری ڕاستییەکان بکەن و لە سۆشیال میدیادا بڵاوی بکەنەوە. لە هەلومەرجی سیاسی ناکۆکدا، دەکرێ تۆرە کۆمەڵایەتییەکان ببن بە سەکۆی بڵاوکردنەوەی زانیاری ناڕاست، دەستکردن بە هەڵمەتی چەواشەکاری، دەشێ دۆخی لەمشێوەیە کاریگەری بەرچاوی لەسەر تێڕوانین و متمانەی گشتی خەڵک بە پرۆسەی سیاسی لە کۆمەڵگەدا هەبێت. زیاد لەوە، تێبینی کراوە زۆرجار ناکۆکی سیاسی لە تۆرە کۆمەڵایەتییەکان دەبێتە هۆی زیادبوونی ڕەفتاری ناپەسندی وەک هەراسانکردن و توندوتیژی ئۆنلاین، هەروەها ڕەنگە بەهۆیەوە تاکەکان بەهۆی دەربڕینی بیروباوەری سیاسی خۆیانەوە ڕووبەرووی هێرشی تاکەکەسی، هەڕەشە، یاخود قسەی توند و ڕقاوی و ناشرین ببنەوە، ئەم دۆخەی بەهۆی ناکۆکی سیاسییەوە لە نێو تۆرە کۆمەڵایەتییەکاندا دروست دەبێت، دەکرێ ببێتە هۆی بێهیواکردنی تاکەکان لە بەشداریکردن لە گفتوگۆ سیاسییەکان، هەروەها کاریگەری نەرێنی لەسەر تەندروستی تاکەکان لە نێو کۆمەڵگەدا دەبێت. زیاد لەوە، ململانێی پارتە سیاسییەکان لە نێو تۆرە

گۆڤاری زانکۆی کۆیە بۆ زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان، بەرگی ٧، ژمارە ٢ (٢٠٢٤)
ڕێککەوتی: وەرگرتن ١٥ تشرینی یەکەم ٢٠٢٣؛ پەسەندکردن: ١٩ تشرینی دووەم ٢٠٢٣
توێژینەوەی ڕێکخراو: لە ٢٠ تشرینی یەکەم ٢٠٢٤ بڵاوکراوەتەوە.
ئیمەیڵی توێژەر: rebaz.mahmood@soran.edu.iq
مافی چاپ و بڵاوکردنەوە © ٢٠٢٤ ڕێباز جەلال مەحمود، موراد حەکیم محەمەد، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لە ژێر ڕەزامەندی - CC BY-NC-ND 4.0

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v7n2y2024.pp338-349

کۆمەڵایەتییەکان دەتوانێت هەڵوێست و ئایدیۆلۆژیای توندڕەوی پەرە پێبدات، هەروەها ئەمجۆرە ململانێییە دەتوانێت متمانە بە دامەزراوە سیاسیی و سەرکردەکان لاواز و کاڵ بکاتەوە، کاتێک تاکەکان شایتحاڵی مشتومڕی سیاسی توندوتیژ و شەری حزبی دەبن، دەکرێ بەهۆییانەوە باوەڕیان بە توانای سەرکردە سیاسیەکان بۆ کاری پێکەوەیی و چارەسەری ئاستەنگەکان نەمێنێت.

لەبەر ئەوە پرسیاری سەرەکی لەم توێژینەوەیەدا زانینی ئەوەیە کە، ئایا ئاستی بەکارهێنانی توندوتیژی زارەکی و گوتاری ڕقاوی لە نێو بەکارهێنەرانی تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوک پەیوەست بە ململانێی سیاسی لە هەرێمی کوردستان چۆنە؟ هەروەها چۆن دەکرێ لە ڕوی زانستیی و تیۆرییەوە لە پرسەکە تێبگەین و شیبکەینەوە؟

- **میتۆدی توێژینەوەکە**

لەم توێژینەوەیەدا بەهۆی پرسیار و ئامانجەکانی، هەروەها سروشتی کۆمەڵگەی توێژینەوە، میتۆی نێتنۆگرافیا و دواتریش میتۆدی شیکردنەوەی ناوەڕۆک بەکارهێنراون لە کۆکردنەوە و شیکردنەوەی داتاکان، تایبەتمەندی ئەم دوو میتۆدەش ئەو واتایە دەدەن بە دەستەوە کە ڕێبازی ئاوێتە Mixed Methods، بەکاربهێنرێت، کە بریتییە لەو ڕێبازەی توێژینەوە کە دیزاین کراوە بە تایبەتمەندی هەردوو شێوازی چۆنایەتی و چەندایەتی بۆ کۆکردنەوەی داتا و زانیاری و شیکردنەوەیان، تیایدا توێژەران داتاکان یەکدەخەن، ڕێکی دەخەن، بە بەکارهێانی ڕێبازەکانی چەندایەتی و چۆنایەتی تاوتوێیان دەکەن و شیاندەکەنەوە لە چوارچێوەی یەک توێژینەوەدا (Mertens 2010: 293, Creswell 2014).

هەرچی میتۆدی نێتنۆگرافیایە Netnography Method، میتۆدێکی توێژینەوەیە کە ئێتنۆگرافیا و کۆمەڵگە ئۆنڵاینەکان لەخۆدەگرێت، بە تایبەتی تیشک دەخاتە سەر توێژینەوە لە ڕەفتار، کارلێکەکان، هەروەها کولتوری تاکەکان لەنێو ئەم کۆمەڵگەیانەی کە ئۆنڵاینن، یاخود دیجیتاڵین (Kozinets 2002). نێتنۆگرافیا ڕێبازێکە زۆرێک لە تایبەتمەندیەکانی لەگەڵ ئێتنۆگرافیا Ethnography، هاوبەشن، بەڵام لێکۆڵینەوەی نێتنۆگرافیا لە نێو کۆمەڵگەیەکی ئەلیکترۆنیدا بە ئەنجام دەگات (Kozinets, Earley & Dolbec 2013). ڕۆبێرت کۆزینێتس ئەو توێژەرەیە کە زاراوەی نێتنۆگرافی پەرە پێداوە لە پێناو پێشکەشکردنی ڕوانینێکی دەوڵەمەند لەبارەی کارلێکی بەکارهێنەران لە ڕێگەی ئۆنڵاینەوە (Kozinets 2017). بە شێوەیەکی گشتی ئەم میتۆدە لە توێژینەوەی زانستە کۆمەڵایەتییەکان، بازار، ڕەفتاری بەکاربەر بەکاردەهێنرێت لە پێناو تێگەیشتن لە کولتور، ڕەفتار و کارلێکەکانی نێوان بەکارهێنەرانی کۆمەڵگە ئەلیکترۆنییەکان. هەروەها دەکرێ بگوترێ کە میتۆدی نێتنۆگرافی گوزارشتە لە چاودێریکردن و شیکردنەوەی گفتوگۆ، کارلێک و بەریەککەوتنەکانی نێو کۆمەڵگە ئۆنڵاینەکان وەک پلاتفۆرمەکانی سۆشیال میدیا، یاخود نێو جیهانە مەجازییەکان (Kozinets 2002).

هەروەها میتۆدی شیکردنەوەی ناوەڕۆک Content Analysis Method، بریتییە لە شێوازێکی شیکاری زانستی بەکاردێت بۆ شیکردنەوە و لێکدانەوە و تاوتوێکردن و لێکدانەوەی سیستەماتیکی ناوەڕۆکی جۆرە جیاوازەکانی پەیوەندیەکان، وەک دەقی نوسراو، تۆماری دەنگی، ڤیدیۆ، وێنە، یاخود هەر جۆرە پەیوەندییەکی تری تۆمارکراو، ئەم میتۆدە بە شێوەیەکی فراوان لە زانستە کۆمەڵایەتییەکان، توێژینەوەکانی بواری کارلێک و پەیوەندیەکان و بواری میدیا بەکاردەهێنرێت (Stemler 2001). زیاد لەوە، ئەم میتۆدە بەکاردەهێنرێت بۆ سەرنج خستنەسەر بەڵگەنامە و دەقی جۆراوجۆری وەک چاپکراو، بینراو، بیستراو، دەکرێ چەندایەتی بێت کە سەرنجی توێژەر لەسەر کۆدکردنی داتاکان دەبێت بۆ پۆلێنبەندکردنێکی سیستەماتیکی ژمارەیی، یاخود خۆی لە هەوڵدانی توێژەر دەبینێتەوە بۆ دەستخستنی مانای قوڵتر لە دەقەکان و بەریەککەوتنەکان یاخود سەرنجی لەسەر هەردوو لایەنی چەندایەتی و چۆنایەتی پرسەکە دەبێت (Bryman 2016).

- **کۆکردنەوەی داتا**

بەهۆی ئەو تایبەتمەندیەی کە کۆمەڵگەی توێژینەوە لەم توێژینەوەیەدا هەیەتی کە بریتییە لە کۆمەڵگەیەکی ئۆنلاین، توێژەران لە پێناو دەست گەیشتن بە داتاکان میتۆدی نێتنۆگرافیایان بەکارهێناوە، کە دەرفەت دەدا بە توێژەران هاوشێوەی میتۆدی ئێتنۆگرافیا لە مەیدانی توێژینەوە بکۆڵنەوە، بەڵام لەم میتۆدەدا، توێژەران لە نێو تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوکدا بە شێوەیەکی ئۆنلاین چاودێری ڕەفتار و کارلێک و بەریەککەوتنەکانی بەکارهێنەرانیان کردوە پەیوەست بە پرسی ململانێی سیاسی لە نێوان ئابی ٢٠٢٢ تاوەکو ئایاری ٢٠٢٣. لەو ماوەیەدا توێژەران وەک نێتنۆگراف پێنج پۆستی پەیوەست بە پرسی ململانێ و گرژیە سیاسیەکانیان وەرگرتووە لە پێنج پەیجی جیاجیای نێو تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوک، چاودێری کاردانەوە و کۆمێنتی بەکارهێنەرانی تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوکیان کردووە بۆ ئەم پێنج پۆستە، دواتر لە ڕێگەی وێبسایتی Export Comments، بە شێوەی هەڕەمەکی سادە بۆ هەر پۆستێک (١٠٠) کۆمێنتی بەکارهێنەرانی تۆڕەکە وەک نمونە وەرگیراون لە پێناو شیکردنەوەی ناوەڕۆکیان، دواتر توێژەران ئەم کۆمێنتانەیان لە خشتەیەکدا بە شێوەی ژمارەیی پۆلێنبەند کردوە بە پێی ڕادەی توندێتی ڕق و توندوتیژی زارەکی بە مەبەستی تاوتوێکردن و شیکردنەوەیان لە ژێر ڕۆشنایی تیۆرییە پەیوەندیدارەکان.

- **تیۆرییە پەیوەندیدارەکان بە پرسی توێژینەوە**

بەهۆی فرە ڕەهەندی پرسی توندوتیژی زارەکی و ڕق دەربڕین لەم توێژینەوەیە سود لە هەریەکە لە تیۆری شیکاری گوتاری ڕەخنەیی Critical Discourse Analysis (CDA)، ی نۆرمان فێرکلاف، تیۆری دوولایەنەی ڕق Duplex Theory of Hate، تیۆری لەکەی کۆمەڵایەتی Social Stigma Theory، تیۆری دەماری-دەرونی-کۆمەڵایەتی گوتار Neuro-psycho-Social theory of Speech (NPS) ، هەروەها مۆدێلی بەهادۆر بۆ ڕق دەربڕین Bahador's Model of Hate Speech، وەرگیراوە لە پێناو شیکردنەوەی داتاکان.

- **تیۆری شیکاری گوتاری ڕەخنەیی Critical Discourse Analysis (CDA)**

گوتار لە دیوە کۆمەڵناسییەکەوە تەنها بریتی نییە لە یەکەیەکی زمانی لە نێو ڕستەکاندا یاخود وەک سیستەمێکی زمان بێت کە، ئامانج لێی بریتی بێت لە دروستکردنی پەیوەندی، بەڵکو گوتار ئەو لایەنە کۆمەڵایەتییانە دەگرێتەوە کە شاراوەن و لە پشتەوەی دەق و ڕستەکانەوەن. بەم پێیە بێت لەم باسەدا شیکاری گوتاری ڕەخنەگرانە لێکۆڵینەوەیە لە شێوازەکانی توندوتیژی هێزە کۆمەڵایەتییەکان و نایەکسانییەکان کە لە تێکست و قسەکردنەکاندا دەردەکەون لە ناو چوارچێوە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکان (Tannen, Hamilton & Sehiffrin 2015).

بەواتایەکی دیکە گوتار ڕەنگدانەوەی شوناسی کۆمەڵایەتی و کولتوری بەکارهێنەرانی زمانە. بەم پێیەش بێت، شیکاری دیالێکتیکی گوتار کارا دەبێت لە نەخشەکێشانی پەیوەندی نێوان دەق و چوارچێوە کۆمەڵایەتی، کولتوری و مرۆییەکان لە شیکردنەوە و تێگەیشتن لە دیاردە زمانەوانییەکان. شیکاری گوتاری ڕەخنەیی کارێکی داهێنەرانە و دیسپلینداره لەسەر بنەمای تیۆری کردەی قسەکردن دامەزراوە، تیایدا زمان نەک تەنها

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v7n2y2024.pp338-349

بۆ وەسفکردنی شتەکان، بەڵکو بۆ ئەنجامدانی شتەکانیش بەکاردەهێنرێت. لە دیدی نۆرمان فێرکلافەوە، قسە و دەربڕینەکانی خەڵک ڕەنگدانەوەی کۆمەڵێک بەهای ئەزموونی و هەلومەرجەکانی نێو کۆمەڵگەن، بەو پێیەی کە پەیوەندییەک لە نێوان بەرهەمهێنانی زمانەوانی و گۆڕاوە کۆمەڵایەتییەکاندا هەیە، ئەم تێگەیشتنە لای فێرکلاف ئاماژەیە بۆ پرۆسەی شیکارکردنێکی دەقی زمانی بە تیۆری کۆمەڵایەتی لە چوارچێوە کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئایدیۆلۆژییەکاندا. ئەم پرۆسەیە نەک بە تەنها یارمەتیدەرە بۆ ناسینەوەی جۆری بونیادنانی ناوخۆیی گوتار، بەڵکو یارمەتیدەرە بۆ دیاریکردنی ئەو واتایانەش کە گوتارەکە دەیخاتە ڕوو (Fairclough 1992). شیکاری گوتاری ڕەخنەیی (CDA)، پرۆسەیەکە لە میانەیدا شێوە جیاجیاکانی گوتار بە تایبەتی لە چوارچێوەی پێکهاتن و نیشانە کۆمەڵایەتییەکاندا لێکدەدرێنەوە و شیدەکرێنەوە. لە دیدی (Van Dijk 1997: 86) جۆرە جیاوازەکانی گوتار لە ژێر کاریگەری هێزە کۆمەڵایەتییەکاندان کە، لەلایەن گروپێکی باڵادەستەوە بەسەر هۆش و بیر و کرداری گروپێکیتردا پیادە دەکرێت. بەمجۆرە هەندێک لە دەسەڵاتەکان ئازادییەکان سنوردار دەکەن و کاریگەری لەسەر مەعریفە و ئایدیۆلۆژیا و قسەکردن و دەربڕینیان دادەنێن (Al Ghazali 2007: 3).

شیکاری گوتاری ڕەخنەیی بە شێوەیەکی سەرەکی پەیوەستە بە ئایدیاکانی نۆرمان فێرکلاف ، ڕوث وداک ، تێون ڤان دایک. بەڵام ئەوەی جێگەی تێڕامانە، کۆی ئەم توێژەرانە لەسەر ئەوە کۆکن کە زمان ئامرازی بونیادنانی کۆمەڵایەتییە لە کۆمەڵگەدا، هەم کۆمەڵگە شێوە دەدات بە زمان و هەم دووبارە زمان لە کۆمەڵگەوە شێوە وەردەگرێتەوە (Machin & Mayr, 2012: 4). فێرکلاف لە شیکارییەکەیدا پێیوایە لە ڕوی کۆمەڵایەتی و مێژووییەوە زمان فۆرمێکی ڕەفتارکردنە کە پەیوەندییەکی دیالێکتیکی هەیە لەگەڵ بونیادی کۆمەڵایەتی (Fairclough 2010).

لەم گۆشەنیگایەوە دەکرێ لە گوتار تێبگەین وەک ڕەفتاری قسەکردن و دەربڕین کە پەیوەندی بە پراکتیزی کۆمەڵایەتی (Social Practice) یەوە هەیە، زیاد لەمە، شیکردنەوەی زمان تەنها بۆ ڕونکردنەوەی لایەنەکانی زمان نییە، بەڵکو بۆ تێگەیشتنە لەو پراکتیکە کۆمەڵایەتیانەی کە هاوتەریب لەگەڵ زماندان و لە نێویدان (Waluati, Sastra & Reflinaldi 2019). هەروەها گوتار نوێنەرایەتی بیر و هەستی گوتاردەر، قسەکەر و نوسەر دەکات لە ڕێگەی کۆدە زمانەوانییەکان یاخود پرۆسەی بەرهەمهێنانی دەقەوە. ئەوەی پەیوەستە بە بەرهەمهێنانی مانا خۆی لە بەکارهێنانی دەق دا دەبینێتەوە، واتە چۆن گوتار وەرگر (گوێگر، بینەر، خوێنەر)، لە دەقەکان تێدەگات کە گوتاردەر بەرهەمی هێناوە، لەم نێوەندەدا پراکتیکە کۆمەڵایەتی-کولتورییەکان پەیوەستن بە چوارچێوەکانی دەرەوەی تێکستەکان (Guedes et al, 2016).

لەم سۆنگەیەوە شیکاری گوتاری ڕەخنەیی چوارچێوەی تیۆری و میتۆدی کردەیی دەدات بەدەستەوە بۆ پەیوەندی نێوان گوتار و پەرەسەندنە کۆمەڵایەتیی و کولتورییەکان لە بوارە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکاندا. ڕێبازی فێرکلاف، لە کۆمەڵێک بنەمای فەلسەفی، شێوازی تیۆریی، ڕێنمایی و ڕێککاری میتۆدۆلۆژی و تەکنیکە تایبەتەکان پێکدێت بۆ شیکاری زمانەوانی (Snowdon & Eklund 2021).

- **تیۆری دوولایەنەی ڕق Duplex Theory of Hate**

ڕق پانتاییێکی فراوانی لەم باسە داگیرکردووە، بۆیە تێگەیشتن لە سروشتی ڕق لە ڕوی تیۆرییەوە یارمەتیدەرە لە شیکردنەوەی پرسی توێژینەوە کە بریتییە لە توندوتیژی و ڕق دەربڕین لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا پەیوەست بە ملمڵانێ سیاسییەکان. لە میانەی سەدەی ڕابردودا، بیرمەندان لە ڕوانگەی جۆراوجۆرەوە سەیری ڕقیان کردووە، سەرەڕای جیاوازیان، بەڵام لە بنەڕەتدا وەک تەواوکەری یەکتر دەردەکەون. دەکرێ تیۆرییەکانی پەیوەست بە ڕق بە پێی سەرنجدانیان بۆ بابەتی ڕق، دابەشی سەر گروپی جیاواز بکرێن (Sternberg & Sternberg 2008). بە گشتی زانستە مرۆییەکان لە ناویشیاندا دەرونییەکان چوارچێوەی تیۆریی بەرتەسکیان پێشکەشکردووە کە بە ڕونی مامەڵە لەگەڵ بابەتی ڕق و کینەدا بکەن، ڕەنگە بەشێکی پەیوەست بێت بەو ڕاستییەی کە پێناسەیەکی باوی قبوڵکراو بۆ ڕق نییە، نەبوونی هاوڕاییەکی لەو شێوەیە، بابەتی توێژینەوە لە ڕق قورستر دەکات، بۆیە پرسی یەکخستنی تیۆرییەکان یاخود بەراوردکردنی ئەنجامەکانیان ئەستەمە ئەگەر توێژەران لەسەر ئەوە کۆک و تەبا نەبن کە لە ڕاستیدا ئەوە چییە توێژینەوەی لەبارەوە دەکەن. چەند تیۆرییەک هەن کە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ مامەڵەیان لەگەڵ ڕق و کینە کردووە، سەرەتاییترین تیۆریست کە کاری لەسەر بابەتی ڕق کردوە گۆردۆن ئالپۆرت بوو، هەروەها ئێریک فرۆم و ئەرۆن بێک هەندێک هەوڵیان داوە بۆ پێناسەکردن و شیکردنەوەی چۆنیەتی بونیادنانی ڕق، بەڵام لە ئێستادا گشتگیرترین تیۆری ڕق بریتییە لە تیۆری دوو لایەنەی ڕق کە لە لایەن تیۆریستی بواری دەرونزانی کۆمەڵایەتی ڕۆبێرت ستێرنبێرگ (Sternberg 2003) داڕێژراوە. تیۆرییەکەی ستێرنبێرگ سێ پێکهاتەی هەیە: نکۆڵیکردن لە ئینتیما، سۆز، و پابەندی.(Sternberg & Sternberg 2008). لە پێکهاتەی یەکەمی تیۆرەکەدا کە بریتییە لە نکۆڵیکردن لە ئینتیما، ڕەتکردنەوە و بێزاری، لە کاتێکدا ئینتیما ئاماژەیە بۆ گەڕان بەدوای نزیکایەتی سۆزداریدا، نکۆڵیکردن بریتییە لە گەڕان بەدوای دوری سۆزداریدا، یاخود جیابوونەوە، لەم دۆخەدا کەسی ڕق دەربڕ بەدوای دوری و دورکەوتنەوەدا دەگەڕێت لە تاکی بەئامانجگیراو لەسەر ئەو بنەمایەی کە ڕقدەربڕ پێیوایە کەسی بە ئامانجگیراو هیچ هەست و سۆز و ئینتیماییەکی نییە و نەماوە بۆ ئەو پرسەی ڕقدەربڕ بڕوای پێیەتی و ئینتیمای بۆ هەیە (هەمان سەرچاوەی پێشو).

- **تیۆری دەماری- دەرونی-کۆمەڵایەتی گوتار Neuro-psycho-Social theory of Speech (NPS)**

پسپۆڕی بواری دەرونی تیمۆتی جەی (Timothy Jay)، لە کتێبەکەیدا بەناوی بۆچی ئێمە جنێو دەدەین، تیۆری دەماری دەرونی و کۆمەڵایەتی خستۆتە ڕو بۆ چۆنیەتی تێگەیشتن لە سروشت و هۆکاری جنێودان و بەکارهێنانی زمانی نەشیاو لە نێو کۆمەڵگەی مرۆییدا (Jay 1992). تیمۆتی جەی لە تیۆرییەکەیدا سێ لایەنی فراوانی ڕەفتاری مرۆڤ تێکەڵ دەکات، ئەوانیش: کۆنترۆڵی دەماری، سەرکوتکردن و سنورداركردنی دەرونی، هەروەها سنورداركردنی کۆمەڵایەتی و کولتوری. لە دیدی جەی (١٩٩٩) دەکرێ لە ڕێگەی شیکارییەکی کۆمەڵایەتی مێژوییەوە وشە جنێوئامێزەکان لە وشە ناجنێوئامێزەکان جیابکەینەوە، بەڵام ناتوانرێت لە کردەی جنێودان تێبگەین بەبێ لەبەرچاوگرتنی هەرسێ ڕەهەند و لایەنی ڕەفتاری مرۆڤ. ئەم تیۆرییە مەبەستیەتی ئەوە بخاتە ڕو کە بۆچی تاکەکان جنێو دەدەن و بۆچی ئەم وشانە هەڵدەبژێرن بۆ دەربڕین. لە تیۆری دەماری- دەرونی-کۆمەڵایەتی و کولتوریدا سیستەمی کۆمەڵایەتی و کولتوری لە کۆمەڵگەدا دەخرێتە ژێر تێڕامانەوە تا بزانرێت کە لە نێو ئەم سیستەمەدا گۆڕاوەکان چۆن باسکراون، بۆ نمونە وروژاندنی نوکتە، کە قسەکەر دەیکات بۆ زانینی ڕادەی گونجاوی و نەگونجاوی وشەکانی لە چوارچێوەیەکی کۆمەڵایەتی دیاریکراودا، بە واتایەکی دیکە هەر کولتورێک پێوەری تایبەتی خۆی پەرەپێداوە بۆ

ئەوەی کە چ گاڵتە و نوکتەیەکی نەشیاو و گونجاو و کۆمێدیە، یاخود نوکتە و گاڵتەیەکی نەشاو و نەگونجاو و ناکۆمێدیە، ئەوەش بەندە بە گاڵتەجارەکە و چوارچێوە کۆمەڵایەتییەکەوە (Jay 2009).

لەم تیۆرییەدا و لە رەهەند و سیستەمی دەرونیدا شیکارییە زمانەوانی و ماناسازیەکان لەخۆدەگرێت، وا گریمان دەکرێت قسەکەر کاتێک زمانی نەفرەتکردن و جنێودان بەکاردەهێنێت، ئەوا گوازرشتکردن بێت لە لێهاتویی قسەکەرەکە لە روی زمان و ئەدای زمانەوانی وەک بەرەنجامی گەشەسەندنی دەرونی لە چوارچێوەی زمانێکی کۆمەڵایەتی کولتوریدا. بە بڕوای جەی کولتورە جیاوازەکان و زمانە جیاوازەکان شێوە و فۆرمی جیاواز لە سنورداردکردنی زمانەوانی و مانا لەبارەی بەکارهێنانی وشەی نەشاو و جنێودان دەخەنەڕو. سەرەرای ئەوەی کە تاکەکان فێری زمانی باوی نێو کۆمەڵگەکانیان دەبن، بەڵام بەکارهێنانی وشەی نەشاو و جنێودان لەلای هەر کەسێک بە گەشەی ئەو لەناو ژینگەیەکی زمانەوانی و خێزانی و کولتوری دیاریکراودا دیاریدەکرێت، لێرەدا مەبەستی تیۆرێ جەی لە گەشە لە ڕوی دەرونییەوە واتە ئەو گۆڕاوانەی کە ڕاستەوخۆ کاریگەرییان لەسەر جنێودان هەیە وەک: هەوەس، تایبەتمەندیەکانی کەسایەتی، ئایینداری و سزا و پاداشتی کۆمەڵایەتی (Jay 1992).

بە بڕوای جەی، بنەمای ئەو سیستەمە کۆمەڵایەتی و کولتورییە فراوانەی کە تێیدا هەر کەسێک کەوتۆتە ژێر سنورداردکردنی دەرونییەوە بریتییە لە مێشکێکی گەشەسەندووە، مێشکی گەشەسەندو سیستەمێکی دەماری پرۆسەکانی کۆنترۆڵکردنە لە هەموو کۆرپەیەکی تەندروستدا هاوشێوەیە، بەبێ لەبەرچاوگرتنی چوارچێوە کولتورییەکان، یاخود ئەو زمانەی کە کۆرپەکە فێری دەبێت. لەم تیۆرییەدا دوو سیستەمی گرنگی دەماری بەیەکەوە گرێدراو هەن وەک: توێکلی مێشک ، کە تێگەیشتن و بەرهەمهێنانی قسەکردن بەڕێوەدەبات، هەروەها سیستەمە لاوەکییەکانی وەک (limbic system, basal ganglia, and amygdala)، کە بەرپرسن لە ڕێکخستنی کاردانەوە سۆزدارپی و هەڵچونییەکانی مرۆڤ، وەک ئەو وەڵامانەی کە بەهۆیانەوە خەڵک لە یەکتر نزیک یاخود دور دەکەونەوە (Jay 1999).

- **تیۆری لەکەی کۆمەڵایەتی Social Stigma Theory**

زاراوەی لەکە یاخود پەڵە وەک ئاماژەیەک بەکاردەهێنرێت بۆ بێ بەهاکردنی کەسێک لە چوارچێوەیەکی کۆمەڵایەتیدا (Kusow 2015: 4778). چەمکی ستیگما یاخود لەکە لە یۆنانی کۆندا وەک گوزارشتێک بەکارهاتووە بۆ ئاماژەدان بە نیشانە جەستەییەکان کە، وەک هێمایەک وابوون بۆ شتێکی نائاسایی و خراپی پەیوەست بە پێگەی ئەخلاقی نیشاندەرێکەوە (Signifier)، ئەم نیشانانە بە جەستەی نیشاندەرەوە دەکران یاخود بە جەستەییەوە دەسوتێنران وەک ئاماژەیەک کە کەسەکە کۆیلەیە، یاخود تاوانبار و خیانەتکار و پیسە بە تایبەت لە شوێنە گشتییەکاندا پیشان دەدران تا خەڵک لێیان دوربکەونەوە، لە کاتێکدا لە ئێستادا ئەم چەمکە بۆ خود ڕیسواکردن بەکاردەهێنرێت لە چوارچێوە کۆمەڵایەتییەکاندا (Goffman 1963).

ستیگما لە کۆمەڵگەی هاوچەرخدا بونیادێکی نەرێنییە، نیشانەیەکی شەرمەزارییە پەیوەست بەو کەسانەی کە ناتوانن ڕۆڵە چاوەڕوانکراوە کەلتوری و کۆمەڵایەتییەکان ببینن. بەو واتایەی کە چیتر ستیگما یاخود لەکەی کۆمەڵایەتی تەنها ئاماژە نییە بۆ نیشانەیەکی جەستەیی، بەڵکو ئەنجامی کاردانەوە کۆمەڵایەتییەکانە و بەرهەمێکی کۆمەڵایەتییە، بەهۆی کارلێکە کۆمەڵایەتییەکانەوە دێتە بوون و ناسانامەی کۆمەڵایەتی کەسی لەکەدارکراو دەشێوێنێ و لە ڕوی کۆمەڵایەتییەوە بێ بەهای دەکات، بەو مانایەی کە تاکی لەکەدارکراو بە تەواوی لە پەسەندی کۆمەڵایەتی، بێبەشکراوە (Green 2009: 15; Fitzpatrick 2008). زیاد لەوە، لەکەی کۆمەڵایەتی گوزارشتە لە ناپەسەندێتی، یاخود جیاکاریکردن دژی تاکێک یاخود گروپێک لەسەر بنەمای تایبەتمەندییەکانیان کە لە ئەندامەکانی تری کۆمەڵگە جیایان دەکەنەوە کە بە شێوەیەکی سەرەکی پەیوەندی بە کولتور هەیە، جۆری کۆمەڵایەتی، نەژاد، ئایین، چینی کۆمەڵایەتی، تەمەن، شێوەی جەستە، کەم ئەندامی جەستەیی و تەندروستی و... هتد(Goffman 1963) . ئەم تیۆرییە بە شێوەیەکی فراوان لە نێو کارەکانی کۆمەڵناسی کەنەدی ئێرڤینگ گۆفمان پەرەی پێدراوە بە تایبەتی لە یەکێک لە کتێبە بە ناوبانگەکانیدا بەناوی ستیگما. لە دیدی گۆفمان ئەوە کۆمەڵگەیە ئامرازەکانی پۆلێنبەندکردنی خەڵک دروست دەکات.

- **مۆدێلی بەهادۆر بۆ ڕق دەربڕین Bahador's Model of Hate Speech**

لە کاتێکدا لە نێو زۆربەی ئەدەبیاتی بەردەستدا ڕق دەربڕین وەک چەمکێکی یەک پۆلی سەیر دەکرێت کە ڕق وەک گشتێک دەبینرا بەڵام، بابەک بەهادۆر پرۆفیسۆری توێژینەوەی هاوبەش و بەڕێوەبەری پرۆژەی میدیا و بونیادنانی ئاشتی لە زانکۆی جۆرج واشنتۆن مۆدێلێکی تایبەتی بە ڕق دەربڕین پێشکەش کرد کە، خۆی لە شەش پۆل دا دەبینێتەوە و بەسەر سێ جۆر دابەشیکردوون. چونکە بەهادۆر پێی وابوو کە جیاوازییەکی ڕوون هەیە لە نێوان ڕقێک کە خۆی لە ئیدانەکردن دەبینێتەوە بەرامبەر بە کەسێک یاخود گروپێک لەگەڵ جینۆسایدکردنی گروپێک (Bahador et al 2019; Fink 2018). بۆ ئەم مەبەستە پێوەرێکی چڕی پۆلێنکردنی قسەی ڕقاوی پێشکەش کرد (بڕوانە پاشکۆی ب). ئەم جۆرناسییەی بەهادۆر خستۆتیەڕو بە جۆرێک قسەی ڕقاوی پۆلێن دەکات کە، هێزی هەر پۆلێک لەگەڵ پۆلێکیتر جیاواز دەردەکەوێت، بۆ نمونە لە پۆلی یەکەم تاوەکو سێیەم جۆری ئاگادارکردنەوەی پێشوەختە لەخۆدەگرێت، کەچی پۆلی چوارەم تاوەکو شەشەم لە جۆری لە مرۆڤ خستن/ بەشەیتانیکردن لە خۆدەگرێت کە توندترینیان بەجۆرێک زیاتر هاندانی توندوتیژی فیزیکی و کوشتن لەخۆ دەگرن (Paasch-Colberg et al 2021).

پێوەری بەهادۆر بەسەر ڕەنگی جۆراوجۆردا دابەشکراوە بە جۆرێک پۆلی یەکەم کە بە ڕەنگی سەوز دەستنیشانکراوە، ئاماژەیە بۆ سەرەتاییترین جۆری ڕق کە خۆی لە ناکۆکیدا دەبینێتەوە، وەک ئاماژەیەک کەوا کەسەکە یاخود گروپەکە هەڵەیە و ئەوەی کە گروپەکە ئاماژەی بۆ دەکات ناڕاست و درۆیە. بە گشتی ئەمە سەرەتاییترین و سوکترین شێوەی قسەکردنی نەرێنیە لەبەرامبەر کەسێک یاخود گروپێک کە ناکۆکن لە گەڵیان و زیاتر ئەم ناکۆکییە خۆی لە ئاستی بیرۆکە، ئەقڵ و دەروندا دەبینێتەوە وەک ئاڵنگارییەک بۆ ڕازیکردن و گۆڕینی ئایدیا و بیروباوەڕی کەسەکە یاخود گروپەکە، بەدیاریکراویش دژایەتیکردنی دیدگا و ئایدیۆلۆژیای گروپێکی تایبەتە.

پۆلی دووەم بە ڕەنگی زەردی کاڵ دانراوە کە ئاماژەیە بۆ کردەی نەرێنی ناتوندوتیژ، وەک ئاماژەیەک بەو ئاخاوتنانەی ناکردەیین وەک (شکستخواردن، هەڕەشەکردن، ڕەفتاری توڕەیی، مامەڵەی خراپ، نامۆکردن و هیواخواستن بە شکستیان). پۆلی سێیەم بە ڕەنگی زەرد دەستنیشان کراوە کە ئاماژەیە بۆ کارەکتەری نەرێنی، زیاتر خۆی لە سوکایەتی پێکردندا دەبینێتەوە، ئەم پۆلەی قسەی ڕق لە پۆلی دووەم چڕتر و خراپترە، چونکە لە دەربڕینەکاندا وا نیشان دەدرێت نەرێنێتی بەشێکی بنەڕەتیە لە سروشتی کەسەکە یاخود گروپەکە و کەمتر دەرفەتی ئەوە هەیە گۆڕانکاری لە

سروشتی گروپەکەدا ڕوبدات، لە نمونەکانی گەمژە، دەستدرێژیکەر، ساختەچی و شێت (Agapoglou et al 2021).

پۆلی چوارەم کە بە ڕەنگی پرتەقاڵی ناسراوە ئاماژەیە بۆ بە شەیتانیکردن و لە مرۆڤداماڵین، ئەم پۆلە لە ڕق دەربڕین خۆی لەو دەربڕینانەدا دەبینێتەوە کە مرۆڤ لە مرۆڤبوون دادەماڵێت و وەک شەیتان وێنای دەکات. تایبەتمەندی نەرێنی نامرۆیی دەخرێتە پاڵ کەسەکە وەک ئاماژەیەک لە نامرۆڤبوونی کەسەکە یاخود ئەندامانی گروپێک و بە کەمتر لە مرۆڤ لێیان دەڕوانرێت وەک سوکایەتییێکیش بە ئاژەڵ و نەخۆشی کوشندە وێنادەکرێن وەک: بەراز، مشک، مەیمون، هەروەها نەخۆشی شێرپەنجە، میکرۆب و تەنانەت وەک ئەهریمەن و ڕۆبۆت و نازی لێیان دەڕوانرێت. بۆیە لە دیدی بەهادۆر لەناوبردنی نەیار لە دۆخێکی وادا نەوەک هەر قبوڵکراوە، بەڵکو خواستراو و سودبەخشیشە لە دیدی گروپە نەیارەکاندا، هەلومەرجێکی وا تەواو لەبارە بۆ پاساوهێنانەوە بۆ هەر توندوتیژییێکی سیاسی (Faiq & Noori 2022). پۆلی پێنجەم و بەر لە کۆتای بە ڕەنگی سور ڕەنگ کراوە وەک ئاماژەیەک بۆ ئەو فۆرمانەی ڕق دەربڕین کە خۆی لە توندوتیژیدا دەبینێتەوە و نوێنەرایەتی پۆلێکی خراپی قسەی ڕقاوی دەکات، چونکە ڕاستەوخۆ ئاماژەن بۆ ئەنجامدانی توندوتیژی وشەیی دژی گروپەکە، کە ناکوشندەیە لە ڕوی فیزیکییەوە، لە کاتێکدا ئەم جۆرە توندوتیژییە وشەییە بە دڵنیاییەوە دەکرێ پاڵپشت و پاساوی بەجێبێت بۆ ئەنجامدانی توندوتیژی زیاتر، دواجار ئەم پۆلەی ڕق دەربڕین ببێتە هۆی ئازاردان، دەستدرێژیکردن، برسیکردن، تاڵانکردن و تەنانەت ئەشکەنجەدانی گروپەکە. کۆتا پۆل کە بە ڕەنگی ڕەش وێناکراوە گوزارشتە لە خراپترین جۆری قسەی ڕقاوی، وەک ئاماژەیەک بە توندوتیژییەکی وشەیی کە کوشندەیە و لەسەر بنەمای کردەوەکانی ڕابردو /ئێستا/ داهاتووی گروپێک بونیاد دەنرێ، دواجار ئەمجۆرە ڕق دەربڕینە خۆی لە فۆرمی لەناوبردن و کوشتنی تاکەکە یاخود گروپەکەدا دەبینێتەوە (Bahador 2021, Bahador et al 2019).

- **ئەنجامەکان و تاوتوێکردنیان**

**لەم پاژە پڕاکتیکیەدا توێژەران هەوڵدەدەن پێنج پۆستی فەیسبۆک تاوتوێکەن لەسەر بنەمای تیۆرە بەکارهاتوەکان لە توێژینەوکەدا و بە پشت بەستن بەو کۆمێنتانەی بۆ ئەو پۆستانە نوسراون.**

خشتەی (١)

کۆمێنتی بەکارهێنەران پەیوەست بە پرسی ململانێ سیاسیەکان لە هەرێمی کوردستان

| پۆستەکان | کۆمێنتی توند و ڕقاوی و جنێو دژی پۆستەکە | | کۆمێنتی ئاسایی | | کۆمێنتی ناپەیوەندیدار | | کۆمێنتی توند و ڕقاوی و جنێو وەک پاڵپشتی پۆستەکە | | کۆی گشتی | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % |
| پۆستی یەکەم | 61 | %61 | 12 | %12 | 23 | %23 | 4 | %4 | 100 | 100 |
| پۆستی دووەم | 65 | %65 | 4 | %4 | 14 | %14 | 17 | %17 | 100 | 100 |
| پۆستی سێیەم | 72 | %72 | 9 | %9 | 19 | %19 | 0 | %0 | 100 | 100 |
| پۆستی چوارەم | 65 | %65 | 9 | %9 | 19 | %19 | 7 | %7 | 100 | 100 |
| پۆستی پێنجەم | 74 | %74 | 13 | %13 | 13 | %13 | 0 | %0 | 100 | 100 |

(جۆری کۆمێنت)

خشتەی (١) گوزارشتە لە تەنها پێنج پۆست کە لە تۆری کۆمەڵایەتی فەیسبوک کراون پەیوەندیدار بە ناکۆکی و ململانێ سیاسییەکان لە باشوری کوردستان. هەروەها لە کۆی کۆمێنتەکانی هەر پۆستێک تەنها ١٠٠ کۆمێنت وەک نمونە وەرگیراون، بڕوانە پاشکۆی (ا). نمونەی یەکەم لە پۆستێکی پەیجی باسنیوز وەرگیراوە کە پەیجەکە سەر بە پارتی دیمۆکراتی کوردستانە، پۆستەکە لە ٢٠٢٣/٤/١١ کراوە، تیایدا ڤیدیۆیەک پۆست کراوە لەبارەی جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، کە لە پشکی یەکێتی نیشتیمانی کوردستانە، لە خشتەکەدا دەرکەوتوە بە ڕێژەی ٦١% لە کۆی ١٠٠ کۆمێنت گوزارشت و زاراوە و ڕستەی توند و ڕقاوی و جنێون دژی پۆستەکە نوسراون، واتە بە زمانێکی توندوتیژ و ڕقاوی وەڵامی پۆستێکی توندوتیژ و ڕقاوی دراوەتەوە، لە هەمان کاتدا تەنها ٤% ی کۆی گشتی کۆمێنتەکان بریتین لە دەستەواژە و نوسینی توند و ڕقاوی و جنێو وەک پاڵپشتییەک بۆ پۆستەکە کراون. هەروەها بە ڕێژەکانی ١٢%، ٢٣% نوسین و دەستەواژە بەکارهاتوون کە بەشی یەکەمیان کۆمێنتی ئاسایین، هیچ ڕەهەندێکی توندوتیژی و ڕقاوی لە پێکهاتەی کۆمێنتەکاندا بەدی ناکرێت، ڕێژەی دووەمیان گوزارشتە لەو نوسینانەی کە پەیوەندیدار نین بە پۆستەکەوە.

پۆستی دووەم بریتیە لە چاوپێکەوتنێکی کورت لەگەڵ نوسەرێکی کورد لە پەیجی پۆلەتیک پرێس لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسوک لە ڕێککەوتی ٢٠٢٣/٥/٢٦ پۆستکراوە، تیایدا دەکرێ چەندان ڕەگەزی توندوتیژی لە وەڵامەکانی نوسەرەکە دەسنیشان بکرێن کە ئاراستەی لایەنێکی سیاسی دەکات لە هەرێمی کوردستان، لە بەرامبەر ئەم وەڵامانەدا وەک لە خشتەکەی سەرەوە دەردەکەوێ لە کۆی نمونەی وەرگیراو لە کۆمێنتەکان، ٦٥% کۆمێنتنوسەکان دەستەواژە و چەمکی توندوتیژ و ڕقاویان دژی نوسەرەکە بەکارهێناوە، لە هەمان کاتدا ١٧%ی تریش لە کۆمێنتنوسەکان توندوتیژی لە نوسینەکانیاندا بەدیدەکرێ کە وەک پاڵپشت بۆ نوسەرەکە دژی لایەنە سیاسیەکە نوسیویانە، بەو واتایەی لە کۆی کۆمێنتە وەرگیراوەکان نزیکەی ٨٢% بەکارهێنەرانی تۆری کۆمەڵایەتی فەیسبوک توندوتیژی زارەکی و ڕقیان لە کۆمێنتەکانیاندا بەکارهێناوە، لە کاتێکدا تەنها ٤% بەکارهێنەران کۆمێنتی ئاساییان نوسوە کە ڕەگەزی

توندوتیژی و ڕق لە پێکهاتەی نوسینەکانیاندا بەدی ناکرێ، هەروەها ١٤% کۆمێنتەکانیش نوسین و وێنەی ناپەیوەندیدار بوون بە پۆستەکەوە، بڕوانە پاشکۆی (ا).

ئەگەر سەرنج بدرێت لە پۆستی سێیەم، خۆی لە پارچە ڤیدیۆیەکدا دەبینێتەوە کە لە پەیجی فەیسبوکی تۆری میدیای ڕوداو پۆست کراوە لە ڕێککەوتی ٢٠٢٣/٥/١١، لەم ڤیدیۆیەدا گەنجێک لەگەڵ سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەردەکەوێ لە کاتی کردنەوەی پێشانگایەکی کتێب لە شاری هەولێر، گەنجەکە بانگی سەرۆکی حکومەت دەکات کە لە بەیانیەوە لەبەر ئەو هاتووە تا وێنەیەکی لەگەڵ بگرێت، ئەوەی مایەی لێڕامانە، لەکۆی ئەو کۆمێنتانەی وەک نمونە وەرگیراون لە پۆستەکە وەک لە خشتەی سەرەوەدا خراونەتە ڕو، ٧٢% لە کۆی نمونەی وەرگیراو لە کۆمێنتەکان، ئاماژەن بۆ نوسینی توند و ڕقاوی و جنێو دژی گەنجەکە، وێناکردنی بە ( کۆیلە، کۆیلەی عەیار ٢٤، گوێدرێژ، ماستاوچی، ...هتد). لە کاتێکدا لە کۆی نمونەی وەرگیراو لە کۆمێنتەکان تەنها بە ڕێژەی ٩% دەربرین و دەستەواژەی ئاساین کە ڕەگەزی توندوتیژی و ڕقاویان هەڵنەگرتوە، هەروەها ١٩% کۆمێنتەکانیش گوزارشتن لە نوسینی ناپەیوەندیدار بە پۆستەکە.

هەروەها بە سەرنجدان لە پۆستی چوارەم کە بریتیە لە پارچە ڤیدیۆیەک لە پەیجی کەناڵی کوردسات نیوز بڵاوکراوەتەوە لە ڕێککەوتی ٢٠٢٢/٨/٥ کە تیایدا کادرێکی پارتی دیمۆکراتی کوردستان لە بەرنامەی ڕەهەندی کەناڵەکە بەشدار بووە و دەڵێت (قابیلی قبوڵ نیە لە هەولێر خۆپیشاندان بکەیت تاکو ببیتە پەرلەمانتار)، وەک ئاماژەیەک بۆ لایەنگرانی نەوەی نوێ. وەک لە خشتەی سەرەوەدا خڕاوەتە ڕو لە کۆی نمونەی وەرگیراو لەو کۆمێنتانەی کە بۆ پۆستەکە هاتوون، تیایدا ٦٥% ی کۆمێنتەکان بریتین لە دەستەواژە و ئاماژەی توندوتیژ و ڕقاوی ئاراستەی کادرەکەی پارتی دیمۆکراتی کوردستان کراون، لە بەرامبەردا تەنها ٩% ی کۆمێنتەکان ئاساین و هەڵگری هیچ ڕەگەزێکی توندوتیژ و ڕقاوی نین، هەروەها بە ڕێژەی ١٩% کۆمێنتی ناپەیوەندیدارن بە پرسەکە، زیاد لەوە، بە ڕێژەی ٧%ی کۆی کۆمێنتەکان ئاماژەن بۆ توندوتیژی و ڕقی سیاسی وەک پاڵپشتیەک بۆ دەربڕینەکانی کادرەکەی پارتی دیمۆکراتی کوردستان.

لە کۆتایدا ئەگەر سەرنجی پۆستی پێنجەم بدرێت کە بریتیە لە پارچە ڤیدیۆیەکی کەناڵی ڕوداو لە ڕێککەوتی ٢٠٢٣/٥/١٢ لە پەیجەکەیان پۆست کراوە، تیایدا هونەرمەندێک دەردەکەوێ، داوا دەکات کە (دەبێت هەموو پارتە سیاسیەکان بەگوێی جەنابی سەرۆک بارزانی بکەن، بەگوێی نەکەین ئەوەی ماوە لەدەستمان دەچێت)، لە بەرامبەر ئەو لێدوانەدا بە ڕێژەی ٧٤% کۆی نمونەی وەرگیراو لە کۆمێنتەکان دەستەواژە و نووسینی توندوتیژ و ڕقاوین کە ئاراستەی هونەرمەندەکە کراون، سەرەکیترین ئەو دەستەواژانەی لە بەرامبەریدا بەکارهاتوون بریتین لە (کۆیلە، ماستاوچی، زمان لوس، کونە درۆ، خۆفرۆش، نەفام، ڕوو ڕەش، ...هتد)، لە بەرامبەردا بە ڕێژەی ١٣% کۆمێنتەکان خۆیان لە دەستەواژە و ئاماژەی ئاساییدا دەبیننەوە، هەروەها بە هەمان ڕێژە کۆمێنتی ناپەیوەندیداریش هەن،کە بەکارهێنەران سودیان لە پۆستەکە وەرگرتووە بۆ ڕێکلام و نوسینی نا پەیوەست بە پرسەکەوە.

لە ژێر ڕۆشنایی گرفتی سەرەکی توێژینەوە کە خۆی لە تێڕامانێکی زانستی ورد دەبینێتەوە لە پرسی توندوتیژی زارەکی و ڕق دەربڕین لە نێو بەکارهێنەرانی تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوک لە هەرێمی کوردستان پەیوەست بە ململانێ سیاسییەکان، لە خوارەوە لە کۆی ئەو ڕێژە ٦١% وەک کۆمێنتی توند و ڕقاوی هاتوون دژی پۆستی یەکەم کە وەک نمونە وەرگیراون، لە پاڵ گوتاری نێو پۆستەکە، چەند کۆمێنتێک وەرگیراون بە مەبەستی شیتەلکردنی ناوەڕۆکیان بە پێی تیۆریە بەکارهاتوەکان لەم توێژینەوەیەدا.

ئەگەر بە وردی سەرنج بدرێت لە ناوەڕۆکی پۆستی یەکەم کە پێکدێت لە پارچە ڤیدیۆیەک لە پەیجی باسنیوز پۆستکراوە، دەردەکەوێ کە چەندان ڕەگەزی توندوتیژی، ناوزڕاندن، و تۆمەت بەخشین و پێش داوەری لەخۆ دەگرێ، وەک ئەوەی لە خوارەوە دەنگی ڤیدیۆیەکە گواستراوەتەوە بۆ وشە، کە تیایدا هاتوە:

**جەنتا هەڵگری بندیوار کێییە؟**

**لە تەری ئەخوا و لە وشکی دەنوێ- دەوام ناکات و مەعاش وەرئەگرێ، هەر کابینەیەک کە دادەمەزرێ- ئەم لە دوایەوە جانتا هەڵئەگرێ، لە سیاسەتدا تا بڵێی نەزان، لە گەندەڵیدا، خەمخۆری گیرفان، لەگەڵ نیو سەرۆک شەریکە بەشن، لە قاچاخچێتی و پارەی مەرزەکان شەریکە بەشن، لە قسەکردن هەرزەی سیاسی، لە ئاست نەیاران، بەس کاسەلێسی، لە ئیدارەدان، بە تەنیا دزی، لە پارە خواردن، فەقەت چلێسی، هاوڕێی نزیکی تیرۆریستانە، دۆستی دلسۆزی قاچاخچییانە، ئارەزووی زۆری لە پارەی مفتە، ڕەفیقی مێزی گشت مافیاکانە، ملکەچی بن دەست داگیرکەرانە، چلکاوخۆری لای میلیشیاکانە، شەخسیەتێکی تا بلێی زەعیف، جانتا هەڵگری سەرکردەکانە، ملەی زەوی و زار، مۆرانەی پارە، هەم فەرمانبەرانە و هەم بندیوارە، لە شار چەتەیە و لەو گەرمیانیشدا دەڵالی ئەرزە و بینا و عەقارە، پارە بە ناوی جێندەر وەرئەگرێ، ڤێلای سەر لوتکەی شاخی پێ ئەکرێ، لە هەموو مەرزێک ئەو حیسەی هەیە، قەت بێبەش ناکرێ خوا هەڵناگرێ، ئەی گەندەڵترین کەسی حزبی مام، ئەی فریودەری خەڵکانی عەوام، کوانێ ماڵپەری شەفافییەت؟ ئەی موچەخۆری بێ ئیش و دەوام.** بڕوانە پاشکۆی (ا)

بە وردبونەوە لە دەستەواژە بەکارهاتوەکانی ئەم پۆستە، لە چەندان شوێنی تێکستەکە بە ئاسانی درک بەوە دەکرێ کە جۆرێک لە پێش داوەری و ناوزڕاندن و تۆمەتدانە پاڵ و ڕقی سیاسی هەیە، بە واتایەکیتر، ئەمجۆرە گوزارشتکردنە لە چوارچێوەی ململانێیەکی تەندروستی سیاسی دەردەچێت بۆ جۆرێک لە توندوتیژی زارەکی و ڕق دەربڕین لە ئاستە کۆمەڵایەتییە جیاجیاکان، بە دیوێکیتردا دەکرێ ئەم ئاماژەیە لەم پۆستە بخوێندرێتەوە کە، هەرکاتێک ناکۆکی و ململانێی سیاسی توندبوو، ئەوا هیچ کەسێک تەنانەت لە هەر ڕەنگ و پلە و پایەیێک بێت، ئەوا پارێزراو نابێت لە هەمبەر هێرشی زارەکی و زمانی ڕقاوی. لە دیدی تیۆری پێوەری توندێتی ڕق دەربڕیندا، چەندان دەستەواژە و ئاماژە لەنێو ئەم نمونەیەی سەرەوەدا هەن خۆیان لە ئاستی زۆر مەترسیداردا دەبیننەوە کە ڕق دەربڕ لە ئاست کەسێکدا بەکاریان دەهێنێت کە بە ئامانج دەیگرێ، بە تایبەتی لە هەردوو ئاستی دووەم و سێیەمی تیۆرییەکەدا بە ناونیشانەکانی کردە نەرێنییەکان و کاراکتەری نەرێنی (Bahador 2021). بۆ نمونە لە ئاستی کردەی نەرێنی دا چەندان ئاماژە لە نێو تێکستەکەدا هەن کە گوزارشتن لە کردەی شکستخواردن، هەرەشە، ڕەفتاری توڕەیی، نامۆکردن و هیواخواستن بە شکست، وەک ئەم نمونانەی خوارەوە (**لە قسەکردن هەرزەی سیاسی، لە ئاست نەیاران، بەس کاسەلێسی، لە ئیدارەدان، بە تەنیا دزی، جانتا هەڵگری سەرکردەکانە...)**، لە هەمان کاتدا بە سەرنجدان لە ناوەڕۆکی تیکستەکەدا چەندان ئاماژەیتر هەن لە بەکارهێانی زمانی توندتیژ و ڕقاوی ڕاستەوخۆ دەچنە چوارچێوەی ئاستی سێیەمی پێوەرەکە، کە زیاتر خۆی لە سوکایەتیپێکردندا دەبینێتەوە، وەک **(لە سیاسەتدا تا بڵێی نەزان، لەگەڵ نیو سەرۆک شەریکە بەشن، ملەی زەوی و زار، مۆرانەی پارە)**، بەپێی تیۆرییەکە ئەم پۆلەی ڕق دەربڕین لە پۆلی دووەم چڕتر و

خراپترە، چونکە لە دەربڕینەکاندا وا نیشان دەدرێت کە هەستکردن بە کەمی و نەرێنیەتی بەشێکی بنەڕەتی و سروشتی کەسایەتی کەسی بە ئامانجگیراوە. هەروەها بە دەر لەم دوو ئاستە، چەندان دەستەواژە هەن لە نێو تێکستەکەدا کە، تۆمەتی ڕاستەوخۆن بۆسەر کەسی بە ئامانج گیراو، لە کاتێکدا بەبێ خستەنە ڕوی بەڵگەی دانپێدانراو و بڕیاری دادگا، هەر چەشنە تۆمەتبارکردنێک خۆی ناتەندروست و پەسەندنەکراوە، بۆ نمونە لە تێکستەکەدا هاتووە **(لە قاچاخچێتی و پارەی مەرزەکان شەریکە بەشن، هاوڕێی نزیکی تیرۆریستانە، دۆستی دلسۆزی قاچاخچییانە، چلکاوخۆری لای میلیشیاکانە، لە شار چەتەیە و لەو گەرمیانیشدا دەڵالی ئەرزە و بینا و عەقارە، هتد....).**

بە سەرنجدان لەم گوتارە لە دیدی تیۆری شیکاری گوتاری ڕەخنەی لای نۆرمان فێرکلاف وەک دەقێک کە بەرهەمی کارلێک و هەلومەرجی کۆمەڵایەتی- سیاسییە، جۆرێکە لە پراکتیکی کۆمەڵایەتی کە گوزارشتێکە لەو بەرژەوەندییە ئایدیۆلۆژیانەی دەشێ هەر گروپێکی کۆمەڵایەتی لە چوارچێوەی پرۆسەیەکی کارلێکردندا داکۆکیان لێبکات. هەروەها دەکرێ هەم خودی گوتارەکە بەرئەنجام و لێکەوتەی ژینگەیەکی ناتەندروست و ئاڵۆزی سیاسی- کۆمەڵایەتی بێت، خودی گوتارەکە لە قالب بدات و دەکرێ خودی گوتارەکەش دووبارە لە پرۆسەی بەرهەمهێنانەوەدا بەکاربرێت بۆ لە شێوەدانەوەی گرژی و ئاڵۆزی سیاسی ناتەندروست، کە بەهۆیەوە ئاستی بەکارهێنانی توندوتیژی زارەکی و ڕق دەربڕین لە گوتاردا بەرز بێتەوە، هەروەها لێکەوتەکانیشی لەسەر دابەشبوون و جەمسەرگیری و گرژی زیاتر لە نێو تاکەکان و کۆمەڵگەدا دەردەکەون.

بە لێڕامان لە دەقی ڤیدیۆکەدا لە دیدی تیۆری دوولایەنەی ڕق دا، وا دەردەکەوێ پۆستکەرەکانی ئەم ڤیدیۆیە بەدوای دوری و دورکەوتنەوەدا دەگەڕێن لەبەرامبەر بە کەسی بە ئامانج گیراو لەنێو ڤیدیۆیەکدا، لەسەر ئەو بنەمایەی ڕق دەربڕەکانی پشت پۆستەکە پێیان وایە کە کەسی بە ئامانج گیراو هیچ هەست و سۆز و ئینتیمایەکی نەماوە بۆ ئەو پرسەی ڕق دەربڕەکان بڕوایان پێیەتی. لە دیدی ستێرنبێرگەوە گۆڕانکارییەکان دەتوانن هەستی نکۆڵیکردن لە ئینتیما لە نێوان تاکەکان دروستبکەن (Sternberg & Sternberg 2008). بەو واتاییەی دەکرێ گۆڕانکاری و گرژییە سیاسیەکان ڕۆڵ ببین لە بەهێزکردن و نکۆڵیکردنی ئینتیما لە نێوان تاکەکان و گروپە سیاسیەکان.

بە سەرنجدان لە ناوەڕۆکی کۆمێنتەکانی پەیوەست بەم پۆستەدا درک بە دابەشبون و گرژیەکی سیاسی ترسناک دەکرێت وەک کاردانەوە و لێکەوتەی ئەم پۆستە لە نێو لاینگرانی پارتە سیاسیەکان و تاکەکانی نێو کۆمەڵگە لە هەرێمی کوردستان، ئەگەر تیشک بخرێتە سەر ئەو کۆمێنتانەی کە وەک کاردانەوە دژی پۆستەکە کراوەن کە ڕێژەکەیان ٦١% ی کۆی گشتی کۆمێنتەکانە، دەرکەوتوە هەم وەک چۆن پۆستەکە پڕیەتی لە ڕەگەزی توندوتیژی و ڕقی سیاسی، بەهەمان ئەندازە وەک کاردانەوەیەک کۆمێنتەکانیش هەڵگری هەمان ڕەگەزی توندوتیژی و ڕقی سیاسین دژ بە پۆستەکە، بۆ نمونە لە یەکێ لە کۆمێنتەکاندا هاتووە **'وەکو دەڵێن لەکاتی شەڕیش بەشی ئاشتی باتیا بێنێ بەڵام سۆرانیەکانی ناو پارتی بۆ ماستاو خۆبردنە پێشەوەی زیاتر دەست بۆ هەموو بێ حورمەتیەک دەبەن پارتی ئەوەی ئەخلاقی سیاسی بێت نیەتی پارتی بەپێی قۆناغ و ململانێکات سەگی هەیە بۆ وەڕین و گاز گرتن بەڵام لە هەمووی سەیرتر ئەم سەگانە هەموویان کە دەوەڕن سۆرانین، یەک بادینی نیە، یەک بەرزانی نیە، یەک بێ حورمەتی لەدەمی بێتە دەرەوە ...هتد** (بڕوانە پاشکۆی ١). ئەم کۆمێنتە بەکارهێنەرێکی فەیسبوک وەک کاردانەوەیەک بۆ پۆستەکە نوسویەتی، بەڵام ئەگەر سەرنج بدرێت لە ناوەڕۆکی ئەم کۆمێنتەش، بە ڕونی درک بەوە دەکرێ کە لە کاردانەوەی کۆمێنتنوسەکەدا چەندان ڕەگەزی توندوتیژی، تۆمەت بەخشین و جیاکاری ناوچەیی و ڕقی سیاسی لەخۆ دەگرێ بەرامبەر بە پارتێکی سیاسی و ئەندام و لاینگرانی. بۆ نمونە لە کۆمێنتەکەدا پۆستکەرەکانی ئەم پۆستەی بە سەگ ناوبردون و لە مرۆڤبوون دایماڵیون. زیاد لەوە، لە کۆمێنتەکەدا کۆمێنتنوسەکە بە ڕونی جیاکاری ناوچەیی کردووە لەسەر بنەمای شێوەزاری ئاخاوتن وەک جۆرێک لە ڕق دەربڕین کە لە دیدی ئەو ئەگەر لەمجۆرە پۆستانەش بکرێن دەبێ خەڵکانێک بیکەن کە شێوەزاریان کرمانجی بێ نەوەک سۆرانی، لەو دیدەی پێیوایە نابێ خەڵکانێک ئەندام و لاینگری ئەم پارتە سیاسیەبن کە بە شێوەزاری سۆرانی قسە دەکەن، بە مانایەکیتر کۆمێنتنوسەکە تەنها ئەو ئەندام و لاینگرانەی بە سەگ وێناکردوە کە شێوەزاریان سۆرانییە لە نێو پارتە سیاسیەکەدا وەک جۆرێک لە ڕقی سیاسی بەرامبەر بە سۆرانیەکانی نێو پارتی دیمۆکراتی کوردستان.

هەروەها لە کۆمێنتێکیتردا هاتووە **'هەی ...... ئەم پۆستە ڕەش کەوە هەی ...... وەک ...... سەگ بە یەکێتی دا دەرشێنەوە ئەوکەم بە قوربانی تاکە قۆندەرەکانی هەی .... هەی قۆندەرە ئێوە ئەوەندە لە یەکێتی ......'**. لەم کۆمێنتەدا ئەم تێگەیشتنە بەرجەستە دەبێت کە زمانی ڕەخنەگرتن و لێبوردەیی لای کۆمێنت نوسەکە گەشەی نەکردوە، جنێو و توندوتیژی بە جنێو و توندوتیژی وەڵام دراوەتەوە، بە دیوێکیتردا ئەم کار و کاردانەوانەی لەسەر بنەمای پۆستەکە دروست بووە، ئەم ڕاستیە دەردەخەن کە بونی گرژی سیاسی و بەکارهێنانی دەستەواژەی توندوتیژ و ڕقی سیاسی، پەرە بە کاردانەوەی توندتیژ و ڕقی سیاسی و دابەش بوونی زیاتری تاکەکان دەدات، دەکرێ لە داهاتوودا لێکەوتەی نەرێنی لەسەر ئاشتەوای و سەقامگیری کۆمەڵایەتی دروست بکات لە کۆمەڵگەدا لە باشوری کوردستان.

ئەگەر سەرنج بدرێت لە ناوەڕۆکی نمونەی دووەم کە گوزارشتە لە پارچە ڤیدیۆیەکی کورت لە پەیجی پۆلەتیک پرێس لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوک لە ڕێککەوتی ٢٠٢٣/٥/٢٦ پۆستکراوە، تیایدا نوسەرێک لەبارەی پارتێکی سیاسیەوە لێدوان دەدات، دەکرێ بە لێڕامان بەپێی تیۆرییەکانی توندوتیژی زارەکی و ڕق دەربڕین چەندان ڕەگەزی توندوتیژی و ڕقی سیاسی، تۆمەت، ناوزڕاندن، و سوکایەتپێکردن لە نێو دەقی گوتاری نوسەرەکەدا بدۆزیتەوە کە، ئاراستەی پارتێکی سیاسی و سەرۆکەکەی دەکات، وەک کاردانەوەیەکیش بۆ گوتاری نوسەرەکە، نزیکەی ٨٢%ی کۆمێنتی هاتوو پەیوەست بە پۆستەکە هەڵگری پەیام و دەستەواژە و دەلالەتی توندوتیژی زارەکی و ڕقن، کە ٦٥%ی دژی خودی نوسەرەکەن، هەروەها ١٧%ی پاڵپشتین لە دەربڕینەکانی نوسەرەکە و خۆی. بڕوانە پاشکۆی (١). ئەگەر لە دەستپێکدا تیشک بخرێتە سەر دەقی گوتاری نوسەرکە کە دەڵێ:

**'نەوەی نوێ ڕەمزی کەوتنە، من لە رووی فکریەوە ئەڵێم، هێزێکە نازانێ چی ئەوێ، بازرگانێکە تەلەفزیۆنی داناوە، و ئێستا حیزبیشی دروست کردوە، تاوەکو ئەمە زوو بکەوێ چاکترە، بەڵام شەرمە بۆ ئەو هێزەی کە ڕایگرتوە، هێزێکی کوردی ڕایگرتوە، ئەو هەموو مەلەفەی سەری کە لە دادگایەکان تۆزی لەسەر نیشتوە، بیست هەزار خانەوادەی بەستەزمان ئاوا ڕۆژانە چاویان لەوە بڕیوە ئەم چاڤیلاندە چیەکا، کابرایەکی ساقتی دز ئەتوانێ چیبکا؟، شەرمە بۆ سلێمانی کە ئەوە لێرە سەری هەڵداوە'** بڕوانە پاشکۆی (١).

بە سەرنجدان لە چەمک و دەستەواژە بەکارهاتووەکان لە نێو گوتاری نوسەرکەدا، لە چەندان شوێندا بە ڕونی درک بە بوونی ویستی نوسەر دەکرێ لەبارەی کەوتنی هێزە سیاسیەکە، واتە لێرەدا نوسەرەکە هیچ هۆکارێکی بابەتی نەخستۆتە ڕو لە ڕوی زانستییەوە بەدەر لە پیشاندانی ویستی خۆی بۆ کەوتنی هێزە سیاسییەکە، بۆ نمونە

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v7n2y2024.pp338-349

دەڵێ (ئەوەی نوێ ڕەمزی کەوتنە، تاوەکو ئەمە زو بکەوێ چاکترە)، بەڵام ئەمەی ڕون نەکردۆتەوە بۆچی کەوتنی باشترە. بەپێی ئەو هێڵکارییە سێگۆشەییەی کە ستێرنبێرگ بۆ شیکردنەوەی ڕق و کینە کێشاویەتی، لە پێکهاتەی یەکەمیدا، ڕق دەربڕ بێزاریەکی زۆر لە بەرامبەر کەسی/ لایەنی بە ئامانجگیراودا پیشان دەدات و ڕەتی دەکاتەوە، بە جۆرێک بە دوای دوریدا دەگەڕێ تاوەکو نزیک بونەوە، نکۆڵی لە کەسە بە ئامانجگیراوەکە دەکات، ئەمەش لە ڕوانینی ستێرنبێرگ بەو واتایەیە کە، ڕق دەربڕەکە وا هەست دەکات کەسە بە ئامانجگیراوەکە هیچ هەست و سۆز و ئینتیمایەکی نییە بۆ ئەو پرسەی ڕق دەربڕ بڕوای پێیەتی، هەندێکجاریش پیشاندانی ئەمجۆرە ڕق و کینە تەنها لە تایبەتمەندییەکانی کەسێکەوە، یاخود کردار و پروپاگەندەوە سەرچاوە دەگرێ کە لەبارەی کەسی بە ئامانج گیراوەوە دەوترێن، بۆیە دوای دورکەوتنەوە، و ڕەتکردنەوە و نکۆڵیکردن، کەسی ڕق دەربڕ بڕیار لەسەر کەسی بە ئامانج گیراو دەدات (Sternberg & Sternberg 2008:60).

لە گوتاری نوسەرەکەدا هەست بە دورکەوتنەوە، ڕەتکردنەوە، و بێزاری دەکرێ لە بەرامبەر لایەن و کەسی بە ئامانجگیراو. زیاد لەوە لە کۆتایی گوتارەکەدا نوسەر دەڵێ (کابرایەکی ساقتی دز ئەتوانێ چیبکا؟ شەرمە بۆ سلێمانی کە ئەوە لێرە سەری هەڵداوە)، ئەم دەستەواژانەی سەرەوە وەک ساقیت، دز، دواتر سەرزەنشتکردنی خەڵکی شارێکی دیاریکراو کە کەسی بە ئامانجگیراو لەنێویدا دەرکەوتوە و سەری هەڵداوە، بەدەر لەوەی دەچنە چوارچێوەی پێشداوەری کردن، تۆمەتبارکردن و سەرزەنشتکردن، لە دیدی ستێرنبێرگ جۆرێکن لە چیرۆک و گێڕانەوە کە لەبارەی کەسێک، یاخود گروپێکی بە ئامانجگیراو دەوترێن، دەکرێ ئەم گێڕانەوەیە و چیرۆک داتاشینە زۆر بەهێز دەربکەوێ بە تایبەت ئەگەر هاتوو هەندێ توخمی بەڵگەیی لە نێو گێڕانەوەکەدا بونیان هەبێت، چونکە بەمجۆرە ڕەسانەیەتی گێڕانەوە و چیرۆکەکە لەبارەی کەسە بە ئامانجگیراوەکە ناخاتە ژێر پرسیار و گومانەوە، وەک ڕاستیەک لای زۆرێک لە خەڵک لە نێو کۆمەڵگە دەبینرێت و پەسەند دەکرێ، بەمجۆرە ڕق و کینە و ڕەفتاری ڕقاوی بەرامبەر بە کەسە بە ئامانجگیراوەکە دەگەیەنە لوتکە (هەمان سەرچاوەی پێشو). زیاد لەوە، بە ساقیت و دز ناونانی کەسێک بەبێ بەڵگەی پشت ڕاستکراوە، جۆرێکە لە پەڵەی (stigma)، کۆمەڵایەتی، لە ژێر ڕۆشنایی ئەو تێگەشتنەی کە کۆمەڵناسی کەنەدی ئێرڤینگ گۆفمان دەیخاتە ڕوو، لە دیدی ئەو لە کۆمەڵگەی هاوچەرخ پەڵەی کۆمەڵایەتی وەک نیشانەیەکی شەرمەزاری وایە پەیوەست دەکرێ بە کەسانێک کە پێیان وایە ناتوانن ڕۆڵە چاوەڕوانکراوە کولتووری و کۆمەڵایەتیەکان ببینن، ئەمەش وەک ئەنجامی کاردانەوەی کۆمەڵایەتی دژ بە کەسێکی دیاریکراو، کە بەهۆییەوە هەولی شێواندن و لەکەدارکردنی ناسنامەی کۆمەڵایەتی کەسە بە ئامانج گیراوەکە دەدرێت (Goffman 1963).

هەر پەیوەست بە پۆستی دووەم، ئەگەر سەرنج بدرێت لە ناوەڕۆکی کۆی ئەو کۆمێنتانە وەک کاردانەوەیەک لە بەرامبەر گوتاری نووسەرەکە لە لایەن بەکارهێنەرانی تۆری کۆمەڵایەتی فەیسبووک نووسراون، دەردەکەوێ بە ڕێژەیەکی بەرز کە دەکاتە ٦٥% نموونەی وەرگیراو هەڵگری ڕەگەزی توندوتیژی و ڕقاوین، بە جۆرێک نووسەرەکە وەک (سوک، کۆیلە، بێ دەماغ، بێ حورمەت، کەری دوویێ، دەعبا، مولحید، ڕوڕەش، بۆق، هاوڕەگەزباز، تاک قۆنەرە، ...هتد) ناوبراوە، بڕوانە پاشکۆی (ا). بۆ نمونە ئەگەر تیشک بخرێتە سەر ناوەڕۆکی چەند دەقێک لە کۆی ئەو کۆمێنتانەی هەڵگری توندتیژی، جنێودان و ڕقن وەک: **' تف .... بێ قیمەت. گلاو. نامۆ بەم وڵاتە'**، بە سەرنجدان لە ناوەڕۆکی ئەم کۆمێنتەدا دەردەکەوێ کە کۆمێنت نوسەکە وەک کاردانەوەیەک لە بەرامبەر لێدوانی نوسەرەکەدا، نوسەرەکەی وەک کەسێکی ناپەسەند، بێ بەها و نامۆ و دور لە کۆمەڵگە و وڵات وێناکردوە، بە واتایەکیتر بە وردبونەوە لە ناوەڕۆک و مانای ئەم کۆمێنتە، درک بەوە دەکرێ کە کۆمێنت نوسەکە بە دوای دوری و ڕەتکردنەوەی کەسە بە ئامانجگیراوەکەدا دەگەڕێ، لەم نێوەندەشدا تورەیی و هەستەکانی بە کۆمەڵێک دەستەواژەی ڕقاوی و توند دەربڕیوە. لە کاردانەوەی دەربڕینەکانی نوسەرەکەدا بەکارهێنەرێکی تری تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوک بۆی نوسیوە **' بەخوا ناپیاوی تۆ بەس دکتۆرنیت ..... مولحید ......'**، بڕوانە پاشکۆی (ا)، بە لێڕامان لە ناوەڕۆکی ئەم کۆمێنتەدا چەند شێوازێک لە شێوازەکانی ڕق، ناوزڕاندن، تۆمەتبەخشین و جنێودان بەدیدەکرێن. بۆ نمونە دەستەواژەی (ناپیاو)، لە کۆمەڵگەیەکی پیاوسالاریدا وەک لەکەیەکی کۆمەڵایەتی ناودەبرێ، لە زۆربەردا وەک نیشانەیەک بەکاردەهێنرێت بۆ بێ بەهاکردن و لاواز نیشاندان و شێواندنی ناسنامەی کۆمەڵایەتی کەسە بە ئامانجگیراوەکە. بەدەر لەوە تۆمەتی ئاکاری وەک (گەواد)، خراوەتە پاڵ نوسەرەکە، لە کاتێکدا کۆمێنت نوسەکە هیچ پاساو و بەڵگەیەکی بۆ تۆمەتەکە نەخستۆتە ڕو، هەروەها لە کۆتایی کۆمێنتەکەدا نوسەر وەک کەسێکی مولحید ناونراوە، بەکارهێنانی ئەمجۆرە دەستەواژانە بۆ کەس/ لایەنی بەرامبەر بەدەر لە دەرخستنی ناکۆکی. ئەوا دەستنیشانکردنی جۆری بیرکردنەوە و ئایدیۆلۆژیا و جیهانی کۆمەڵایەتی کۆمێنت نوسکەیە. لە دیدی نۆرمان فێرکلاف ئایدیۆلۆژیا وەک پرۆسەیەک لە نێو دەقەکان نیشتەجێن، مانا و دەلالەتاکانیشی لە میانەی تاوتوێکردنی دەقەکانەوە بەرهەم دەهێنرێن. فێرکلاف پێیوایە زۆرێک لە دامەزراوەکان و فۆرمەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی ڕەنگدانەوەی بەرژەوەندییە ئایدیۆلۆژیەکانیانن، بۆ ئەوەی لەوە تێبگەین کە ئەم بەرژەوەندییە ئایدیۆلۆژیانە چۆن کار دەکەن، دەبێت سەرنجمان لەسەر زمان بێت، ئەمەش بەو پاساوەی کە زمان ڕەفتارێکی کۆمەڵایەتی باوە، خەڵک بەهۆییەوە بۆچونەکانیان دەگەیەن لەبارەی ئەوەی دونیایان چۆن کاردەکات (Machin & Mayr 2012: 25). بەمپێیەبێت، دەستەواژە بەکارهاتووەکانی کۆمێنتەکە وەک ڕەفتارێکی زمانی کۆمێنت نوسەکە جۆری بیرکردنەوە و جیهانبینی لە بەرامبەر نوسەرەکە دەردەخات.

بە لێڕامان لە پۆستی سێیەم کە بریتیە لە پارچە ڤیدیۆیەک تیایدا گەنجێک لەگەڵ کوڕەکەی لە یەکێک لە پێشانگاکانی کتێب لە شاری هەولێر دەردەکەوێت، کاتێک سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان سەردانی پێشانگایەکە دەکات، گەنجەکە داوا لە سەرۆکی حکومەت دەکات کە لەبەر ئەو هاتووە تا وێنەیەکی لەگەڵ بگرێ، ئەم پۆستە لە پەیجی تۆڕی میدیای ڕوداو لە ڕێککەوتی ٢٠٢٣/٥/١١ بڵاوکراوەتەوە. بە سەرنجدان لە ناوەڕۆکی ئەو کۆمێنتانەی وەک نمونە وەرگیراون لە پۆستەکەدا، دەردەکەوێ کە، بە ڕێژەیەکی ئێجگار بەرز سوکایەتی و ناوزڕاندن و لە مرۆڤ داماڵین، سەرزەنشتکردن بە گەنجەکە کراوە بە ڕێژەی ٧٢%، لە کاتێکدا تەنها بە ڕێژەی ٩% کۆمێنت و دەربڕینی ئاسایی بۆ ڤیدیۆیەکە هاتوون، هەروەها بە ڕێژەی ١٩% کۆمێنت و دەربڕینی ناپەیوەندیدارن بە پۆستەکە، هیچ کۆمێنتێک کە هەڵگری ڕەگەزی توندوتیژی بێت وەک پاڵپشتی بۆ پۆستەکە نەکراوە لە کۆی ئەو نمونەیەی کە وەرگیراوە لە پۆستەکەدا (بڕوانە پاشکۆی ا). ئەگەر تیشک بخرێتە سەر ناوەڕۆکی چەند کۆمێنتێک لە کۆی ئەو کۆمێنتانەی خۆیان لە سوکایەتیپێکردن، لە مرۆڤ داماڵین، ناوزڕاندن و سەرزەنشتکردندا دەبینەوە وەک **'کۆیلەی ٢٤، کۆیلەی دەرەجە یەک، ئەوەش کۆیلە، کاتێ ئەڵێن سفرە هیچ نەرۆیشتووە مەبەستیان ئەو ئەقلەیە 😁، وەختی دروێنە کردنی گەنم و جۆیە ئیتر (ناوی ئاژەل هاتوە) زۆرەبێ، تاکو خاوەنی ئەو جۆرە (ناوی ئاژەل هاتوە) بین ئەوە حاڵی کوردستان ئەبێ ،،، داوەشێی .........،**

**...... ماستاوچی، دەک خەجاڵەت بیت بۆ عەقڵێک کەنیتە کویلەی ماستاوچی، دەڵێن هەتا (ناوی ئاژەل هاتوە) نەبێ ئاقڵێک بەڕێوە ناچێ جا ئەو (ناوی ئاژەل هاتوە) جاشکەکەشی لەگەڵە'**. لەم کۆمێنتەدا دەردەکەوێ کە کۆمێنت نوسەکە لە بەرامبەر بینینی دیمەنی گەنجێک کە وێنە لەگەڵ سەرۆکی حکومەت دەگرێ، گەنجەکەی وەک کۆیلە وێناکردوە، لە کاتێکدا بەپێی فەرهەنگی کامبریج لە سادەترین دەربڕیندا بە کەسێک دەوترێ کۆیلە کە بە شێوەیکی یاسایی کەسێکیتر خاوەنداریەتی دەکات، و کاری بۆ دەکات (Cambridge Dictionary 2023). واتە بەبێ بوونی هیچ ئاماژەیەک کە کۆیلەبوونی گەنجەکە بسەلمێنی، وەک ڕقێکی سیاسی و کاردانەوەیەک کە گەنجەکە وێنە لەگەڵ سەرۆکی حکومەت دەگرێ بە کۆیلە وێناکراوە. زیاد لەوە، لە دیدی تیۆری لەکەی کۆمەڵایەتییەوە، دەکرێ کۆیلە بوون بەمشێوەیەی کە لە کۆمێنتەکاندا هاتووە وەک نیشانەیەک لێی بڕوانرێت لە پێناو بێ بەهاکردن و سەرزەنشت کردنی کەسی بە ئامانجگیراو لە بەرامبەر وێنەگرتنەکەیدا. لە دیدی کۆمەڵناسی کەنەدی ئێڤرینگ گۆفمان لەکە (ستیگما) بونیادێکی نەرێنیە لە کۆمەڵگەی هاوچەرخ، وەک نیشانەیەکی شەرمەزاری ئەخرێتە پاڵ کەسێکی دیاریکراو وەک ئەنجامی کاردانەوەی کۆمەڵایەتی (Goffman 1963). بەو واتایەی کە کۆیلەبوونی گەنجەکە لە دیدی کۆمێنت نوسەکاندا بەرهەمێکی کۆمەڵایەتییە، بەهۆی کارلێکردنی نێوان گەنجەکە و سەرۆکی حکومەت هاتۆتە بوون وەک ڕقێکی سیاسی کە، بەهۆیەوە ناسنامەی کۆمەڵایەتی لەکەدارکراو شێوێندراوە و بێ بەهاکراوە بە پاڵنەری بەکۆیلەبوون لە پەسەندێتی کۆمەڵایەتی بێبەشکراوە.

هەروەها لە بەشێکی تری کۆمێنتەکاندا کەسی بە ئامانجگیراو وەک گوێدرێژ، حیز، خوێری، ماستاوچی، بێ عەقل، وێناکراوە، تەنانەت کورەکەشی وەک جاشکەکەر وێناکراوە، ئەم دەستەواژانە جگە لە سوکایەتی پێکردن بە گەنجەکە و کورەکەی، لە دیدی تیۆری دەستنیشانکردنی پێوەری توندێتی ڕق لای بابەک بەهادۆر، ئاستی چوارەمی تیۆریەکە پێکدەهێنن (Bahador 2021)، کە خۆی لە مرۆڤ داماڵیندا دەبینێتەوە، ئەم دەستەواژانە ئاماژەی ڕونن بۆ لە مرۆڤ داماڵینی کەسە بە ئامانجگیراوەکان و وێناکردنیان بە ئاژەڵ لە پێناو پێشاندانی وێنایەکی ناپەسەند و بێ بەها لە نێو کۆمەڵگەدا.

بە ڕوانین لە ناوەڕۆکی تێکستی چەند کۆمێنتێک کە ئاراستەی کەسی بە ئامانجگیراو کراون لە دیدی تیۆری شیکردنەوەی گوتاری ڕەخنەیی لای نۆرمان فێرکلاف، دەکرێ ئەم تێگەیشتنە بەرجەستە بکرێ کە ئەمجۆرە دەستەواژە و گوتارە ڕقاوییە وەک جۆرێک لە پراکتیزی گوتاری دێتە بەرچاو. بە واتەیەکیتر، ئەم ڕەفتارە زمانەوانیانەی ڕق دەربڕەکان بە نووسین ئاراستەی کەسی بە ئامانجگیراویان کردوە، تەنها بریتی نین لە دەربرینی زمانی ڕوت، بەلکو جۆرێکن لە پراکتیکی کۆمەڵایەتی کە، لە دیدی فێرکلاف هاوتەریب لەگەڵ زماندان، و لە نێویدان، خودی ئەم نوسینانە گوزارشت لە بیر و هەستی کۆمێنت نوسەکان دەکەن لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی تێکستدا کە بەکارهێنەرانی تۆری کۆمەڵایەتی فەیسبوک بەرهەمیان هێناوە لەژێر کاریگەریەکانی دەرەوەی تێکستەکان، بەو واتایەی خودی سیستەمی بیرکردنەوە و بەرهەمێهنانی گوتار لە ژێر کاریگەرییە کەلتوری و کۆمەڵایەتییەکانی نێو کۆمەڵگەیە، بەهەمان شێوە گوتار و دەقەکان دووبارە چوارچێوە دەدەن بە کۆمەڵگە (Fairclough 2003). بە گشتی دەکرێ بەمجۆرە لەم شیکردنەوەی سەرەوە تێگەیشتن بەرهەمبهێنرێت، گرژی و ڕقی سیاسی و ململانێی ناتەندروست و ڕەگ و ڕیشە کۆمەڵایەتی و کەلتورییەکانی ڕابردوی نێوان پارتە سیاسیەکان لە هەرێمی کوردستان ڕۆڵی دیاریان لە گەشەپێدانی کەلتوری توندوتیژی زارەکی و ڕق ڕشتن لە بەرامبەر یەکتر لە نێو لاینگرانیان دژ بەیەکتر هەیە ، بە واتایەکی تر ئەم پاشخانە سیاسیە ناکۆکە، دژ بەیەکە ڕۆڵی لە دارشتنی ئایدیۆلۆژیا و سیستەمی بیرکەدنەوەی ئەندام و لانگرانی پارتە سیاسیەکان هەیە، کە زۆرجار تێکست و کۆمێنتەکان و گوتاریان ڕەنگدانەوەی ئەم پاشخانەیە، بەهەمان شێوە ئەمجۆرە گوتارە دووبارە هەم کاریگەری لەسەر کۆمەڵگە بەجێ دەهێڵێت بەهۆی بەربڵاوی لەمجۆرە گوتارە، بەهەمان شێوە هەمیش کۆمەڵگە وەک کاردانەوەیەک ڕۆڵ لە دوبارە دارشتنەوەی ئەم جۆرە گوتارانە دەبینێت ، لە ئەنجامدا هەم پاشخانە سیاسی، ناکۆکی و ڕقی سیاسی ڕۆڵیان لە بەرهەمهێنانی کەلتوری جنێودان هەیە ،هەمیش دووبارە کۆمەڵگە لە ژێر کاریگەری ئەم ڕەوتە جۆری گوتار لە نێو بەرهەمهێنەرانی گوتار لە قالب دەدات.

بە سەرنجدان لە نمونەی چوارەم کە خۆی لە پارچە ڤیدیۆیەکدا دەبینێتەوە لە یەکێک لە بەرنامەکانی کەناڵی کوردسات وەرگیراوە، لە پەیجی فەیسبوکی هەمان کەناڵ بڵاوکراوەتەوە لە ڕێککەوتی ٢٠٢٢/٨/٥، تیایدا کادرێکی پارتی دیمۆکراتی کوردستان دەردەکەوێت دەڵێت (قابیلی قبوڵ نییە لە هەولێر خۆپیشاندان بکەیت تاکو ببیتە پەرلەمانتار)، وەک ئاماژەیەک بۆ لایەنگرانی نەوەی نوێ. لە کۆی ئەو کۆمێنتانەی وەک نمونە وەرگیراون کە بۆ پۆستەکە هاتوون، بەرزترین ڕێژە کە ٦٥% ی کۆمێنتەکانن، بریتین لە دەستەواژە و ئاماژەی توندوتیژ و ڕقاوی ئاراستەی کادرەکەی پارتی دیمۆکراتی کوردستان کراون، خۆیان لە (بێشەرەف، گەمژە، جۆرەکانی ئاژەل، کۆیلە، مەسینەهەڵگر، سۆرە کۆیلە، بەئامانجگرتنی جانەوادە... هتد.) دەبیننەوە (بڕوانە پاشکۆی ١). لە خوارەوە لە ژێر ڕۆشنایی تیۆرییە پەیوەندیدارەکانی پەیوەست بە تاوتوێکردن و شیکردنەوەی دەق، و توندوتیژی زارەکی و ڕق دەربڕین، ناوەڕۆکی چەند کۆمێنتێک لەو ڕێژەیەی سەرەوە شیدەکرێنەوە. لە کۆمێنتێکدا هاتووە **' (جنێودان بە خانەوادە)، .... گەوادی کۆیلە'**، یەکێکیتر بۆ کادرەکەی پارتی نوسیوە **' (جنێودان بە خانەوادە)...... کۆیلە'**، بە وردبونەوە لە دەستەواژە بەکارهاتوەکان لە هەردوو کۆمێنتدا جگە لە جنێودان، هیچ وەلامێکی لۆژیکی نابینیتەوە وەک پەرچە کردارێک بێت بۆ دەربڕینی کادرەکە، جنێودان لە دیدی تیۆری دەماری- دەرونی- کۆمەڵایەتی لای تیمۆثی جەی وەک ڕەفتارێکی کۆمەڵایەتی بە هۆکاری جۆراوجۆرەوە ڕودەدات، لە ڕوانگەی جەی جنێودان دەکرێ وەک ڕێگەیەک لێی بڕوانرێت کە بەهۆیەوە جنێودەرەکە توڕەیی، بێزاری و ئازاری خۆی بەهۆیەوە بەتاڵ بکاتەوە، هەروەها دەکرێ جنێودان وەک هۆکارێکی یارمەتیدەر بۆ جنێودەر لێی بڕوانرێت بە تایبەت لە کاتی دۆخە دژوار و ناخۆشەکان لە پێناو بەرگەگرتنی زیاتری نارحەتیەکان (Jay 1992). زیاد لەوە، بە تێگەیشتنی جەی بەکارهێنانی زمانی زبر و جنێودان پەرچەکردارێکی هەستەکی و سۆزداری تاکە، لە ژێر کاریگەرییە کۆمەڵایەتی و دەرونیەکاندا ڕودەدات، بەو واتایەی دەشێ بەهۆی ناتەبایی و نەگونجانی سیستەمی کۆمەڵایەتی لەگەڵ سیستەمی دەرونی جنێودەرەکەدا، تاکەکان جنێو بەیەکتر بدەن (هەمان سەرچاوەی پێشوو). هەروەها ئەوەی تێبینی دەکرێ لە نێو ئەم دوو نمونە کۆمێنتەی کە لەم پۆستە وەرگیراون دەستەواژەکانی (جنێودان بە خانەوادە، کۆیلە) بەکارهاتوون، واتە لێرە تەنها خودی قسەکەرەکە بە ئامانج نەگیراوە، بەلکو ژن، باوکیش بە ئامانجگیراون، وەک لەکەیەکی کۆمەڵایەتی لە پێناو شکاندنی شکۆ و بێبەهاکردنی خانەوادەکەی، زیاد لەوە، کۆیلەبوون وەک تایبەتمەندییێکی تر خراوەتە پاڵ کادرەکە کە جۆرێکە لە لەکەی کۆمەڵایەتی، لە دیدی کۆمێنت نوسکاندا کۆیلە بوون نیشانەیەکی شەرمەزارییە بەکاریانهێناوە بۆ کەسێک کە ئەندامی پارتێکی تری سیاسیە، کە بۆچون و ڕوانگەی جیاواز و ناکۆکی لەگەڵ

کۆمێنت نوسکاندا هەیە. لە دیدی گۆفمان لەکەی کۆمەڵایەتی ئەنجامی کاردانەوە کۆمەڵایەتییەکانە،بەرهەمێکی کۆمەڵایەتییە، بەهۆی کارلێکە کۆمەڵایەتییەکانەوە زیان بە هەبوون و شوناسی کۆمەڵایەتی کەسی بە ئامانجگیراو دەگەیەنرێت، شکۆی دەشکێندرێت و بێ بەها دەکرێ (Goffman 1963).

لە کۆتا نمونەدا ئەگەر سەرنج بدرێت لە ناوەڕۆکی ئەو کۆمێنتانە بۆ پۆستی پێنجەم هاتوون کە پێکدێت لە پارچە ڤیدیۆیەک لە ڕێککەوتی ٢٠٢٣/٥/١٢ لە پەیجی فەرمی تۆڕی میدیایی ڕوداو بڵاوکراوەتەوە لە فەیسبوک، تیایدا هونەرمەندێک دەردەکەوێ لە ڤیدیۆیەکەدا دەڵێت (***دەبێت هەموو پارتە سیاسیەکان بەگوێی جەنابی سەرۆک بارزانی بکەن، بەگوێی نەکەین ئەوەی ماوە لەدەستمان دەچێت***)، ئەوەی مایەی لێڕامانە وەک پەرچەکردارێک بەرامبەر ئەم دەربڕینە لە کۆی نمونەی وەرگیراو لە کۆمێنتەکانی ژێر پۆستەکە، دەردەکەوێ کە بە ڕێژەی ٧٤%ی کۆمێنتەکان ئاماژەن بۆ توندوتیژی و ڕقی سیاسی و سەرزەنشت کردن، ناوزڕاندن، جنێودان و گاڵتەپێکردن. کاتێک سەرنج لە دەربڕینی هونەرمەندەکە ئەدرێ، دەردەکەوێ دەربڕینەکە هەڵگری هیچ ڕەگەزێکی توندوتیژی و ڕق نییە، بەڵام بە لێڕامان لە ناوەڕۆکی ئەم ڕێژە کۆمێنتەی کە لەسەرەوە ئاماژەی بۆکراوە، درک بە ڕقێکی سیاسی زۆر دەکرێ کە بەهۆیەوە خودی کەسایەتی هونەرمەندەکەش کراوەتە ئامانج، بۆ نمونە یەکێک لە بەکارهێنەرەکانی تۆری کۆمەڵایەتی فەیسبوک لە ژێر پۆستەکە نویسویەتی ***'کۆیلەی قەزەم'***، کۆمێنت نوسێکی تر نوسویەتی ***'خودا ڕوت ڕەشبکات تۆش بویە کۆیلە'***، هەروەها کەسێکیتر نوسویەتی ***'..... هەبی بەس ئەو قوتە پیسەیە'***، (بڕوانە پاشکۆی ١).

بە وردبونەوە لەو دەستەواژانەی کە هەڵبژێردراون و لە کۆمێنتەکاندا بەکارهێنراون بە دەر لە هەوڵدان بۆ سوکایەتیکردن بە کاراکتەری بە ئامانج گیراو، دەستەواژەکانی (کۆیلە، قەزەم، قوتە پیس)، ئاماژەی نیشانەیین بەکارهێنراون لە پێناو لێدان لە شکۆ و ناسنامەی کۆمەڵایەتی کەسی بە ئامانج گیراو. ئەمجۆرە نیشانانەی تاکەکان وەک لەکە یاخود پەلە لەبەرامبەر یەکتری بەکاردەهێنن وەک بەرهەمی کارلێکی کۆمەڵایەتین بە مەبەستی بێ بەهاکردن و شێواندنی شوناسی کەسی بە ئامانجگیراو، لە دیدی گۆفمان لەکەی کۆمەڵایەتی ئاماژەیەکە بۆ ناپەسەندێتی تاکێک، یاخود گروپێک لەسەر بنەمای تایبەتمەندیەکانیان، بەهۆیانەوە لە ئەندامانی تری کۆمەڵگە جیا دەکرێنەوە، کە بە شێوەیەکی سەرەکی پەیوەندی بە کولتورەوە هەیە ، جۆری کۆمەڵایەتی، نەژاد، ئایین، چینی کۆمەڵایەتی، تەمەن، شێوەی جەستە، و کەم ئەندامی جەستەیی و تەندروستی (Goffman 1963). ئەگەر سەرنج بدرێت لەم کۆمێنتانەدا دەربڕینی هونەرمەندەکە نەخراوەتە ژێر هەڵسەنگاندن، تاوتوێکردن، ئینجا وەڵامدانەوە، بەڵکو بەهۆی دەربڕینەکەوە باڵای هونەرمەندەکە وەک ستیگمایەکی کۆمەڵایەتی بەکارهێنراوە تا بەهۆییەوە لە کەسایەتی بدرێ، وێنایەکی ناپەسەند و باڵایەکی ناتەواو پیشانی دەوروبەرە کۆمەڵایەتییەکە بدرێت.

هەروەها لە کۆمێنتێکی تردا بەکارهێنەرێکی تۆری کۆمەڵایەتی فەیسبوک نوسیویەتی **'فرت بە هەموو شتێکەوە هەیە بەس هونەر نەبێت ..... پیاو'**، هەروەها کۆمێنت نوسێکیتریش بۆی نوسیوە **'ئەو تەمەنە درێژەت هی ئەوەیە کە زۆر (وێناکردنی بە ئاژەل)، و بێ عەقلی'** (بڕوانە پاشکۆی ١). بە لێڕامان لە ناوەڕۆکی هەردووک کۆمێنتەکەدا، ئەمە دەردەکەوێ کە هەردوو بەکارهێنەرەکەی تۆری کۆمەڵایەتی فەیسبوک لە کۆمێنتەکانیاندا هەوڵی وێناکردنی هونەرمەندەکەیان داوە بە ئاژەڵ، واتە هەوڵی لە مرۆڤداماڵینی کاراکتەرەکەیان داوە، بەپێی تیۆری توندێتی ڕق دەربڕینی ئەمجۆرە دەستەواژانە ئاستی چوارەمی پێوەرەکە پێکدەهێنن لە نێو شەش پێوەری دەربڕینی ڕق کە ئاستی شەشەم توندترینیانە، بەو پێیەبێت، ئاستی لە مرۆڤداماڵین و وێناکردنی بە ئاژەڵێکی وەک کەر بەدەر لە سوکایەتیکردن و جنێودان بە کاراکتەرەکە، ئاستێکی ترسناکی ڕقدەربڕین پیشاندەدات کە لە ڕێگەی کۆمێنتەوە ئاراستەی هونەرمەندەکە کراوە. لە دیدی بابەک بەهادۆر داهێنەری پێوەرەکە لەم جۆرە ڕق دەربڕینە کاراکتەرەکە بە تەواوی لە مرۆڤ بوون دادەماڵدرێ وەک ئاژەڵ و شەیتان وێنادەکرێ و ناودەبرێ (Bahador 2021).

## ئەنجامگیری

لە چوارچێوەی ئەم شیکردنەوانەی لەسەرەوە ئەنجام دراون لە ژێر ڕۆشنایی ئەو (٥٠٠)، کۆمێنتەی وەک نمونە بۆ ئەم توێژینەوەیە وەرگیراون، دەرکەوتووە بەرزترین ڕێژەی ئەو جۆرە کۆمێنت و کاردانەوانەی بۆ پێنج پۆستەکە هاتوون، گوزارشتن لە چەمک و زاراوە و نوسینی توندوتیژ و ڕقاوی لە فۆرمی هەڕەشەکردن، سوکایەتیکردن، ناوزڕاندن، جنێودان، ئومێد خواستن بە لەنێوچونیان، پەرەدان بە ڕقی سیاسی. زیاد لەوە، کاردانەوەی نێو کۆمێنتەکان لە بەرامبەر ئەو پۆستانەی کە وەک نمونە وەرگیراون، ئەو ڕاستیە دەردەخەن کە دابەشبون و ڕقێکی سیاسی بەرز هەیە لە نێو ئەندام و لاینەگرانی ئەو پارتانەی کە لە نێو تۆرە کۆمەڵایەتییەکان بەریەککەوتنیان هەیە. هەروەها لە چەندان کۆمێنتدا کەسایەتیەکانی نێو پۆستەکان بە ئامانج گیراون، تەنانەت لە هەندێک کۆمێنتدا دەستەواژەی وا توند بەکارهاتوون کە کارەکتەرە سیاسیەکان لە مرۆڤبوون داماڵدراون، لە هەمان کاتدا جۆرێک لە لەکەی کۆمەڵایەتی، وەک نیشانەیەک بۆ بێبەهاکردن و سەرزەنشتکردنیان بەکارهاتوون. بە گشتی لە زۆرینەی ئەو کۆمێنتانەی بۆ ئەم پێنج پۆستە نوسراون کە وەک نمونە وەرگیراون، ڕق دەربڕەکان نەک هەر ڕەتی پۆستەکان، ناوەڕۆک و کەسایەتییەکانیان کردۆتەوە، بەڵکو وەک پەرچەکردارێک زمانێکی زۆر توند و ڕقاوی و نەفرەتکردنیان بەکارهێناوە بە جۆرێک زەمینەی بەیەکەوە هەڵکردن و تەبایی کۆمەڵایەتی و سیاسی لە نێو کۆمەڵگەدا بە تەواوی دەخاتە ژێر هەڕەشە و مەترسییەوە، بە پێی تیۆرییانەی کە لەم توێژینەوەیەدا بەکارهاتوون دەشێ ئەم هەڕەشانەی کە بە نوسین دەکرێن دواجار ببنە هەوێنی هاندان و کردەی فیزیکی تا ئاستی لەناوبردن و تیرۆرکردنی کەسە بە ئامانج گیراوەکان و ئەندام و لاینگرانی پارتە سیاسیەکان لە هەرێمی کوردستان.

## لیستی سەرچاوەکان:

Agapoglou, T., Mouratoglou, N., Tsioumis, K., & Bikos, K. (2021). Combating Online Hate Speech through Critical Digital Literacy: Reflections from an Emancipatory Action Research with Roma Youths. *International Journal of Learning and Development*, 11(2), 104120-104120.

Al Ghazali, F. (2007). *Critical discourse analysis: How can awareness of CDA influence teaching techniques?*. University of Salford Manchester. Available at: http://usir.salford.ac.uk/id/eprint/22590/

Bahador, B. (2021). Countering hate speech. *In The Routledge Companion to Media Disinformation and Populism*(pp. 507-518). Routledge.

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v7n2y2024.pp338-349

Kozinets, R. (2017). Netnography: Radical participative understanding for a networked communications society. *The SAGE handbook of qualitative research in psychology*, 374.

Kozinets, R. V. (2002). The Field behind the Screen: Using Netnography for Marketing Research in Online Communities. *Journal of Marketing Research*, 39(1), 61–72. http://www.jstor.org/stable/1558584

Kusow Adil M. (2015). *Stigma*. {Online}. Last accessed 23 December 2022 at: https://doi.org/10.1002/9781118663202.wberen316

Machin, D., & Mayr, A. (2012). *How to do critical discourse analysis: A Multimodal Introduction*. Los Angeles: Sage.

Mertens, Donna. M. (2010). *Research and evaluation in education and psychology: Integrating diversity with quantitative, qualitative, and mixed methods*. 3rd edition. Sage publications. London.

Paasch-Colberg, S., Strippel, C., Trebbe, J., & Emmer, M. (2021). From insult to hate speech: Mapping offensive language in German user comments on immigration. *Media and Communication*, 9(1), 171-180.

Snowdon, & Eklund. K, L. (2021). A Critical Discourse Analysis of Representations of Travellers in Public Policies in Ireland. *Societies* (Basel, Switzerland), 11(1), 14–. https://doi.org/10.3390/soc11010014

Stemler, Steve (2001) "An overview of content analysis," *Practical Assessment, Research, and Evaluation*: Vol. 7, Article 17. DOI: https://doi.org/10.7275/z6fm-2e34

Sternberg, R. J. (2003). A duplex theory of hate: Development and application to terrorism, massacres, and genocide. *Review of General Psychology*, 7(3), 299–328.

Sternberg, R. J. & Sternberg, K. (2008). *The nature of Hate*. 1st published. Cambridge university press. Cambridge. UK.

Tannen, D., Hamilton, H. E., & Schiffrin, D. (2015). *The handbook of discourse analysis* (Vol. 1). John Wiley & Sons, Inc.

van Dijk, T. A. (1997). What is political discourse analysis? *Political linguistic*s, ed. By Jan Blommaert and Chris Bulcean, 11–52. Amsterdam: John Benjamins.

Waluati Triana, H., Sastra, G., & Reflinaldi. (2019). '*Social Practice In Facebook: Critical Discourse Analysis In The Process of Text Production*'. Proceeding of The 4th International Seminar on Linguistics (ISOL-4), pp. 105–10. Sciendo: Warsaw, Poland. DOI: http://dx.doi.org/10.2478/9783110680027-015 .

Bahador, B., Kerchner, D., Bacon, L., & Menas, A. (2019). *Monitoring hate speech in the US media*.

Bryman, A. (2016). *Social research methods* (Fifth edition.). Oxford University Press.

Cambridge Dictionary (2023). *Slave*. {Online}. Last accessed 20 July 2023 at: https://dictionary.cambridge.org/dictionary/english/slave

Creswell, John., W. (2014). *Research Design, Qualitative, Quantitative, and Mixed Methods Approaches*. 4th edition. Sage publications. London

Faiq, A. M., & Noori, M. S. (2022). Hate Speech Forms and Implications in English and Kurdish Social Media. *Journal of University of Human Development*, 8(4), 80-88.

Fairclough, N. (1992) *Discourse and Social Change*. Cambridge: Polity Press.

Fairclough, N. (2003). *Analysing discourse : textual analysis for social research*. London: Routledge

Fairclough, N. (2010). *Critical discourse analysis : the critical study of language* (2nd ed.). Routledge. London and Newyork.

Fink, C. (2018). Dangerous speech, anti-Muslim violence, and Facebook in Myanmar. *Journal of International Affairs*, 71(1.5), 43-52.

Fitzpatrick, M. (2008). Stigma. *British Journal of General Practice*, 58(549), 294–294. https://doi.org/10.3399/bjgp08X280092

Goffman E. (1963). *Stigma: Notes on the management of spoiled identity*. Prentice-Hall, Englewood Cliffs. United States of America.

Green Gill. (2009). *The End of Stigma? Changes in the social experience of long-term illness*. First Published. Routledge Taylor & Francis Group. London and New York.

Guedes, E., Sancassiani, F., Carta, M. G., Campos, C., Machado, S., King, A. L. S., & Nardi, A. E. (2016). Internet addiction and excessive social networks use: What about Facebook? *Clinical Practice and Epidemiology in Mental Health*: CP & EMH, 12, 43-48.

Jay, T. (1992). *Cursing in America a psycholinguistic study of dirty language in the courts, in the movies, in the schoolyards and on the streets.* Philadelphia: J. Benjamins Pub. Co.

Jay, T. (2009). The Utility and Ubiquity of Taboo Words. *Perspectives on Psychological Science*, 4(2), 153–161. https://doi.org/10.1111/j.1745-6924.2009.01115.x

Kozinets, R, V., Earley, A., & Dolbec, P.-Y. (2013). Netnographic Analysis: Understanding Culture Through Social Media Data. *The SAGE Handbook of Qualitative Data Analysis*(pp. 262–276). SAGE Publications, Limited. https://doi.org/10.4135/9781446282243.n18

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v7n2y2024.pp338-349

## پاشکۆییەکان

### پاشکۆی (ا)

پۆستی یەکەم وەرگیراوە لە:
https://www.facebook.com/basnews/videos/1227267001495280?paipv=0&eav=AfYnA3kcz1YliTqEaSxyEI4YZZG0VOmf6g39wKmlmrlK2EOfwH45NtFxePWaXk_xXiI&_rdr

پۆستی دووەم وەرگیراوە لە:
https://m.facebook.com/watch/?v=6208671239215939

پۆستی سێیەم وەرگیراوە لە:
https://m.facebook.com/watch/?v=1220570651949676

پۆستی چوارەم وەرگیراوە لە:
https://m.facebook.com/watch/?v=751770912603490

پۆستی پێنجەم وەرگیراوە لە:
https://www.facebook.com/watch/?v=959550138734019

- **پاشکۆی (ب)**

**پێوەری توندێتی ڕق دەربڕین لە لایەن بابەک بەهادۆر (2021) Babak Bahador**

| ڕەنگ | ناونیشان | وەسف | نموونە |
|---|---|---|---|
| | ٦. مردن | ئاماژەیە بۆ توندوتیژییەکی وشەیی کە کۆشندەییە، لەسەر بنەمای کردەوەکانی ڕابردو\ئێستا\ داهاتووی گروپێک بونیاد دەنرێ | خۆی لە فۆرمی لەناوبردن و کوشتنی تاکەکە، یاخود گروپەکە دەبینێتەوە |
| | ٥. توندوتیژی | وەک ئاماژەیەک بۆ ئەو فۆرمانەی ڕق دەربڕین کە خۆی لە توندوتیژیدا دەبینێتەوە، و نوێنەرایەتی پۆلێکی خراپی قسەی ڕقاوی دەکات، چونکە ڕاستەوخۆ ئاماژەن بۆ ئەنجامدانی توندوتیژی وشەیی دژی گروپەکە، کە ناکوشندەییە لە ڕوی فیزیکییەوە، لە کاتێکدا کە ئەم جۆرە توندوتیژییە وشەییە بە دلنیاییەوە دەکرێ پاڵپشت و پاساوی بەجێبێت بۆ ئەنجامدانی توندوتیژی زیاتر | ئازاردان، دەستدرێژیکردن، برسیکردن، تاڵانکردن و تەنانەت ئەشکەنجەدانی گروپەکە |
| | ٤.بەشەیتانیکردن و لە مرۆڤداماڵین | ئاماژەیە بۆ بە شەیتانیکردن و لە مرۆڤداماڵین، ئەم پۆلە لە ڕق دەربڕین خۆی لەو دەربڕینانەدا دەبینێتەوە کە مرۆڤ لە مرۆڤبوون دادەماڵێت و وەک شەیتان وێنای دەکات | وەک بەراز، مشک، مەیموون، هەروەها نەخۆشی شێرپەنجە میکرۆب و تەنانەت وەک ئەهریمەن و ڕۆبۆت و نازی لێیان دەروانرێت |
| | ٣.کاراکتەری نەرێنی | ئاماژەیە بۆ کارەکتەری نەرێنی کە زیاتر خۆی لە سوکایەتی پێکردندا دەبینێتەوە، ئەم پۆلەی قسەی ڕق لە پۆلی دووەم چڕتر و خراپترە، چونکە لە دەربڕینەکان دا وا نیشان دەدرێت نەرێنێتی بەشێکی بنەرەتی و سروشتی کەسەکە، یاخود گروپەکەیە، کەمتر دەرفەتی ئەوە هەیە کە گۆڕانکاری لە سروشتی گروپەکەدا ڕوبدات | گەمژە، دەستدرێژیکەر، ساختە و شێت |
| | ٢.کردە نەرێنیەکان | ئاماژەیە بۆ کردەی نەرێنی ناتوندوتیژ، وەک ئاماژەیەک بەو ئاخاوتنانەی کە ناکردەیین | شکستخواردون، هەرەشەکردن، ڕەفتاری تورەیی، مامەلەی خراپ، نامۆکردن، هیواخواستن بە شکستیان |
| | ١. ناکۆکی | زیاتر ئەم ناکۆکییە خۆی لە ئاستی بیرۆکە، عەقلی، دەرونی دا دەبینێتەوە وەک ئالەنگارییەک بۆ ڕازیکردن، گۆڕینی ئایدیا و بیروباوەری کەسەکە یاخود گروپەکە، بە واتایەکی دیکە دژایەتیکردنی دیدگا و ئایدیۆلۆژیای گروپێکی تایبەتە | درۆ، ناڕاست، ئالەنگاری، ڕازیکردن، گۆڕینی بیرکردنەوە |

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v7n2y2024.pp338-349